https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2361.13

e-ISSN (2617-0752)          p-ISSN (2617-0744)

# کەموکوڕییەکانی ڕێزمانی کوردی لە پڕۆگرامی خوێندنی هەرێمی کوردستان بەپێی تیۆری مۆرفیم

د. هیوا احمد عصاف

بەشی کوردی، کۆلیژی پەروەردە/ شەقڵاوە، زانکۆی سەلاحەدین

Hewa.assaf@su.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی (کەموکوڕییەکانی ڕێزمانی کوردی لە پڕۆگرامی خوێندنی هەرێمی کوردستان بەپێی تیۆری مۆرفیم) ئەنجامدراوە، توێژینەوەکە هەوڵێکی زانستییە بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای تیۆری مۆرفیم هەڵە و کەموکوڕییەکانی چەند بابەتێکی ئاستی مۆرفۆلۆجی لە پڕۆگرامی خوێندنی کوردیی هەرێمی کوردستان دیاربکات و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە.

بە پشت بەستن بە پێناسە و چەمک و بنەماکانی مۆرفیم، توێژینەوەکە گەیشتووە بەو ئەنجامەی؛ پەرتووکی (زمان و ئەدەبی کوردی) لە قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەییدا لە ناساندن و ڕوونکردنەوەی کۆمەڵێک بابەتی مۆرفۆلۆجیدا کەموکوڕیی هەیە و لەگەڵ تیۆری مۆرفیم و کۆمەڵێک بنەما و یاسای مۆرفۆلۆجیدا ناگونجێت.

توێژینەوەکە بنەمایەکی تیۆری سەبارەت بە کۆمەڵێک بابەتی پەیوەست بە مۆرفیم ڕووندەکاتەوە و دەیکات بە بنەما بۆ دیاریکردنی کەموکوڕییەکان. کەموکوڕییەکانیش لە پێناسەکردن و داڕشتنی یاسای (ڕەگ، قەد)ی کار و وشەی سادە و خستەپاڵ یەکی مۆرفیمە بەندەکاندایە.

**وشە کلیلییەکان:** گیرەک، گیرەکی ڕێزمانی، گیرەکی وشەداڕێژ، ڕەگ، قەد.

## پێشەکی

١-١: ناونیشان و بواری توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە، کە بە ناونیشانی (کەموکوڕییەکانی ڕێزمانی کوردی لە پڕۆگرامی خوێندنی هەرێمی کوردستان بە پێی تیۆری مۆرفیم) ئەنجامدراوە، هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی کەموکوڕییەکانی ڕێزمانی کوردی لە پەرتووکەکانی (زمان و ئەدەبی کوردی) لە قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی لە هەرێمی کوردستان بەپێی تیۆری مۆرفیم. توێژینەوەکە لە بواری مۆرفۆلۆجیدایە و بەپێی بنەما تیۆرییەکانی ئەو بوارە کەموکوڕییەکان دیاریدەکات و بە جۆرێک چارەسەریان بۆ دادەنێت، کە لەگەڵ بنەماکانی ئەو زانستەدا بگونجێت.

١-٢: ڕێبازی توێژینەوە: توێژینەوەکە بەپێی میتۆدی وەسفی شیکاری ئەنجامدراوە.

١-٣: ئامانجی توێژینەوە: لەم کارەدا ئامانجان ئەوەیە، کەموکوڕییەکانی ئاستی مۆرفۆلۆجیی چەند بابەتێکی باسکراو لە کتێبی (زمان و ئەدەبی کوردی) دیاربکەین و چارەسەری وایان بۆ بخەینەڕوو، کە لەگەڵ  تیۆرە نوێیەکانی زمانەوانیدا بگونجێن و ناکۆک نەبن.

١-٤: گرفتی توێژینەوە: لە ڕێزمانی کوردی ئەو قۆناغانەی خوێندندا کۆمەڵێک پێناسە و یاسای ڕێزمانی هەن، کە لەگەڵ تیۆری مۆرفیمدا کۆکنین، ئەمەش گرفتێکی زانستیی ئەو پڕۆگرامەیە، توێژینەوەکە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە دەدات.

١-٥: هۆی هەڵبژاردنی بابەت: لەبەر ئەو گرفتانەی لە خاڵی پێشوودا باسکران ئەم بابەتەمان بۆ توێژینەوە هەڵبژاردووە.

١-٦: گرنگیی توێژینەوە: توێژینەوەکە لەسەر بنەمایەکی زانستی کەموکوڕییەکان دیاریدەکات، کە بنەماکانی زانستی مۆرفۆلۆجییە، لە

کاتێکدا تیۆری مۆرفیم لەچاو شیکردنەوە لەسەر بنەمای وشە زانستیکی نوێ و سەردەمییانەیە. جگە لەوە توێژینەوەکە چارەسەری هەریەک لە کەموکورییەکانیش دەخاتەڕوو.

١-٧: کەرەستە و کۆمەڵگای توێژینەوە: توێژینەوەکە لە پێنج بابەتی ناو ئەو پرۆگرامە دەکۆڵێتەوە، کە بریتین لە (ڕەگی کار/چاوگ، قەدی چاوگ، پێناسەکردنی جۆرەکانی وشە لە ڕووی ڕۆنانەوە، گەردانکردنی چاوگی (بوون)، لێکدانی مۆرفیمەکان(پاشگرەکان))، ئەو بابەتانە لە پەرتووکی (زمان و ئەدەبی کوردی)، لە هەریەک لە پۆلی (٧، ٨، ٩)ی بنەڕەتی و پۆلی (١٠، ١١، ١٢)ی ئامادەییدا هەبن، کراون بە کەرەستەی توێژینەوە و بە بنەماکانی تیۆری مۆرفیم بەراوردکراون. مەبەست لە (زمان و ئەدەبی کوردی) ئەو زنجیرە پەرتووکەی پرۆگرامی خوێندنی کوردی(زاری ناوەڕاست)ە، کە لە هەرێمی کوردستان لە پۆلە جیاوازەکاندا لە پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە، خوێندنی کوردیی کەرکوک) دەخوێنرێن.

١-٨: بەشەکانی توێژینەوە: توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم تیۆرییە و ئەو بنەما تیۆرییانەی ئاستی مۆرفۆلۆجی خراونەتەڕوو، کە بۆ شیکردنەوەی ئەو بابەتانە پێویستن، کە توێژینەوەکە گرنگییان پێ دەدات. لە بەشی دووەمدا ئەو بابەتانەی، توێژینەوەکە کردوونی بە ئامانج، لەگەڵ بنەماکانی تیۆری مۆرفیمدا بەراوردکراون. لە کۆتاییدا ڕاسپاردە و پێشنیاز، ئەنجامەکان، لیستی سەرچاوەکان، پوختەی توێژینەوە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

## ٢- تیۆری مۆرفیم

### ٢-١: سەرەتا:

دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر وشە وەک بەشەئاخاوتن و فۆڕمی سەربەخۆی ئاستی خوار ڕستە یەکەی سەرەکیی شیکردنەوە بوو، تیۆری مۆرفیم کەرەستەیەکی تری شیکردنەوەی بۆ ئاستی وشەسازی دیاریکرد، کە مۆرفیمە، چونکە شیکردنەوە لەسەر بنەمای وشە کۆمەڵێک گرفتی بۆ پەیدابوو، سەرباری ئەوە دیاریکردنی سنووری وشە و پێناسەکردنی خودی وشە گرفتی هەبوو، چونکە (هیچ پێوانەیەکی سیمانتیکی یان فۆنۆلۆجی نییە، بۆ پێناسینی وشە لە زماندا بشێت بکرێت بە بنج بۆ شیکردنەوەی زمان، بۆیە زانایانی زمان ڕوویان لە وشە وەرگێڕا وەک کەرەستەیەکی بنجی بۆ شیکردنەوەی زمان و لە جێگرەوە(بدیل)ی تر گەڕان، یەکێک لەم جێگرەوانە.. مۆرفیم بوو))(ئەمین، ٢٠٠٤، ل٢٦٤). دوای ئەوە مۆرفیم وەکو بچووکترین یەکەی واتاداری زمان، کرا بە کەرەستەیەکی شیکردنەوەی ڕێزمانی. واتە تیۆری مۆرفیم کار لەسەر ڕۆنانی خودی وشە دەکات، بەو پێیەی وشە خاوەنی ڕۆنانە.

شیکردنەوە لەسەر بنەمای مۆرفیم لە بنەمای وشە وردترە و کۆمەڵێک کێشە چارەسەردەکات، چونکە بەهۆیەوە شیکرنەوە دەچێتە ناو پێکهاتەی وشەوە و دەتوانرێت پێکهێنەرەکانی وشە بەپێی واتا و ئەرکیان پۆلینبکرێت. تیۆری مۆرفیم بە دەستکەوتی ڕۆنانکارەکان دادەنرێت، بە تایبەتی ڕۆنانکارە ئەمریکاییەکان. دوای پەیدابوونی تیۆرەکە (لە دوای (بلۆمفیڵد) و لە ساڵانی (١٩٤٠) و (١٩٥٠) شیکردنەوە لەسەر بنەمای مۆرفیم بە شێوەیەکی بەرفراوان سەریهەڵدا) (Crystal, 2008, p313). لە دوای ئەوە قۆناغ بە قۆناغ تیۆرەکە بە تەواوی جێی خۆی گرت، تا ئێستا هیچ یەکەیەکی تر بۆ شیکردنەوەی کەرەستەی زمانی جێی بە مۆرفیم لەقنەکردووە و تیۆرەکە هەر لەبرەودایە.

**٢-٢: مۆرفیم:**

بچووکترین یەکەی ڕێزمانە(Crystal, 2008, p313) یان بچووکترین یەکەی واتایی[١]زمانە(KATAMBA, 2006, p19). لە سەر بنەمای ئەو پێناسەیە، دەتوانرێت چەند تایبەتمەندییەک بۆ مۆرفیم دیاریبکرێت:

مۆرفیم بچووکترینە (وەکو دانەی ڕێزمان و خاوەن واتا). واتە ناتوانرێت لەوە بچووکتربکرێتەوە بێ ئەوەی واتاکەی بگۆڕێت.

مۆرفیم واتادارە. واتە یەکێک لە بنەماکانی مۆرفیم (بوونی واتا)یە، بەڵام توانای گەیاندنی واتا لە مۆرفیمەکاندا جیاوازە؛ هەیانە بەتەنیا واتایەکی فەرهەنگیی دیاریکراوی هەیە، وەک مۆرفیمە ئازادەکان، هەشیانە جگە لەوەی بە تەنیا دەرناکەون، واتاکەشیان لە پاڵ کەرەستەی تردا دەردەکەوێت، بەڵام لەسەر ئەو بنەمایەی، کە بە مۆرفیم دادەنرێن، خاوەن واتاشن. لەم ڕووەوە زمانەوانان لەسەر بنەمای واتا مۆرفیمەکانیان بۆ جۆری (پڕواتا، خاوەن واتا، هەڵگری واتا) دابەشکردووە[٢]، بەڵام لە هەموو بارەکاندا دەگوترێت ((مۆرفیم هەڵگری واتایە، ئەگەر واتاکەی زۆر نادیار و ئەبستراکتیش بێت، تەنانەت تەنیا گۆکردنی ڕێزمانیشی هەبێت و تەنیا لە دەقی ڕێزمانیی گەورەتریشدا دەرکەوێت و دەستنیشانبکرێت))(مەحویی، ٢٠٢١، 8٧)، بۆ نموونە ڕستەی (دەخوێنرا) و (دەخوێنرێ) تەنیا لە یەک پارچەی ڕێزمانیدا جیاوازن، کە مۆرفیمەکانی (ا، ێ)یە، لە هەمان کاتدا لە واتاشدا جیاوازن، یەکیان واتای ڕابردووی تێدایە، ئەوی تریان واتای داهاتووی تێدایە، لەمەوە دەردەکەوێت، هەریەک لەو دوو مۆرفیمە جیاوازە واتادارن. بۆیە لە پێناسەیەکی مۆرفیمدا هاتووە ((بچووکترین جیاوازییە لە شێوەی وشەدا، کە بە بچووکترین جیاوازی لە واتای وشە یان ڕستە یان ڕۆنانێکی ڕێزمانی بەستراوەتەوە))(KATAMBA, 2006, p2)، لەسەر ئەو بنەمایە نابێت بە هیچ مۆرفیمێک بگوترێت بێ واتا، جگە لە (مۆرفیمی بەتاڵ)، چونکە هەر مۆرفیمێک بەلای کەمی بیرۆکەیەک

دەگەیەنێت، (واتاش بیرۆکەیە)(اسلام، ١٩٨٥، ص٤٠)، واتە هەر مۆرفیمێک واتایەک دەگەیەنێت. بەم پێیە هەر وشەیەک بە تەنیا یان لە ڕۆنانێکدابێت، چەند بیرۆکە بگەیەنێت، ئەوەندە مۆرفیم لە پێکهاتەکەیدا هەیە، بە مەرجێک بە واتای خۆی بەکارهاتبێت (خوازە و خواستن نەبێت) و واتای ناوەسفیی تێدا نەبێت، (بۆ نموونە واتای بارکراوی ڕاگەیاندنی تێدانەبێت، یان واتای شێوازی، یان واتای ڕەنگدانەوە لە وشەی فرەواتا و هاوبێژدا...). بۆ نموونە ئەگەر سەیری ڕستەی (کەوتم) بکەین، ئەم بیرۆکانەی تێدایە (ڕووداوێک- کەو، لە ڕابردوودا- ت، بەسەر کەسێکدا- م هاتووە)، بەم پێیە ڕۆنانەکە (٣) بیرۆکەی تێدایە، بۆیە لە (٣) مۆرفیم پێکدێت، کە مۆرفیمەکانی (ڕەگ، کات، کەس)ن.

بەهۆی ئەوەی هەر یەکەیەکی زمانی، جگە لە بوونی واتا، خاوەن فۆڕمێکە، بەم پێیە یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی مۆرفیم ئەوەیە، کە بوونێکی فیزیکی هەیە.

جگە لەو بنەمایانەی سەرەوە، بنەمایەکی تر بۆ مۆرفیم دیارکراوە، ئەویش دووبارەبوونەوەیە لە ژینگەی تردا بە هەمان واتا (فەتاح و قادر، ٢٠٠٦، ل١١).

### ٢-٣: جۆرەکانی مۆرفیم:

مۆرفیمەکان بە شێوەی جیاواز پۆلینکراون و جۆری جیاوازیان لێ دەستنیشانکراوە[٣]. لە سەر بنەمای واتای خودی مۆرفیمەکان و کاریگەرییان لەسەر واتای کەرستەی دەوروبەریان، بە گشتی جۆرەکانی مۆرفیم بەم شێوەیە دابەشکراون:

**مۆرفیمی ئازاد:** ئەو مۆرفیمانەن، کە لە یەک ڕەگ پێکدێن و دەتوانن بە تەنیا دەربکەون (KATAMBA, 2006, p42). واتە وەکو وشە

دەردەکەون و دەبنە دانەی فەرهەنگی. ئەمانیش بەپێی واتاکانیان دەبن بە دوو دەستەوە:

مۆرفیمی ئازادی فەرهەنگی: ئەو مۆرفیمانەن بەتەنیا وەکو وشە دەردەکەن و واتای فەرهەنگیی دیاریکراویان هەیە. دەکرێت لە بەشە ئاخاوتنی جیاوازبن، وەک (نان، من، سارد ....). ئەم جۆرە مۆرفیمە هەموو وشە سادەکانی زمان، پێش ئەوەی هیچ گیرەکێکیان بخرێتەسەر، دەگرێتەوە. کۆمەڵەیەکی کراوەن و دەکرێت دانەی نوێیان بۆ زیادبکرێت، چونکە وابەستەی فەرهەنگی زمان و گۆڕانی زمانن.

مۆرفیمی ئازادی ئەرکی: وشە ئەرکییەکان دەگرێتەوە، کە لە زمانی کوردیدا بە ئامراز ناسراون (دزەیی، ٢٠١٣، ل٥٠)، وەک: بەڵام، چونکە، تا، بە ....هتد.

ئەم جۆرە وشەیە جۆرێکی تری مۆرفیمی ئازادە، بەڵام لە چەند ڕوویەکەوە لە مۆرفیمی ئازادی فەرهەنگی جیاوازە. مۆرفیمی ئازادی فەرهەنگی زیاتر (هەڵگری ناوەرۆکێکی واتادارە، بەڵام مۆرفیمی ئازادی ئەرکی بە شێوەیەکی سەرەکی زانیارییەکی سینتاکسی یان پەیوەندییەکی لۆجیکی لە ڕستەدا دەگەیەنن) (KATAMBA, 2006, p42). هەروەها ئەم جۆرە مۆرفیمە جیاواز لە مۆرفیمی ئازادی فەرهەنگی (کۆمەڵەیەکی داخراون و ناتوانرێت دانەیان بۆ زیادبکرێت و فراوان بکرێن) (Yule, 2006, p64)، بەڵام کۆمەڵەی مۆرفیمی لێکسیکی بەردەوام لە فراوانبووندایە و بەپێی پێویستییەکانی سەردەم دانەکانی دەگۆڕێن.

**مۆرفیمی بەند:** بە وشە دانانرێن و بە تەنیا دەرناکەون، بۆیە لە فەرهەنگدا مامەڵەی لێکسیمیان لەگەڵدا ناکرێت و تۆمارناکرێن. هەندێک جار فەرهەنگی تایبەتیان بۆ دادەنرێت. پۆلینی جیاوازیان بۆ کراوە، بەڵام

به گشتی لەسەر بنەمای کاریگەرییان لەسەر واتای ئەو کەرەستانەی پێوەی دەلکێن، دەکرێن بە دوو دەستەوە:

مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی: ئەو مۆرفیمانەن، ئەرکێکی سینتاکسی بەجێدەگەیەنن (Haspelmath, 2002, p61). واتە پەیوەندیی سینتاکسیی نێوان کەرەستەکان لە ڕۆنانێکی گەورەتر لە وشەدا پیشاندەدەن.

ئەم جۆرە مۆرفیمە فۆڕمی جیاوازی هەمان وشە دێننەئاراوە (Crystal, 2008, p138)، نەک وشەیەکی نوێ، چونکە (دەچنە دەرەوەی ئامێزی وشە outer layer، و تەنیا واتای ڕێزمانیی بنجەکە دەگۆڕن)(فەتاح و قادر، ٢٠٠٦، ل٥٠، ٥٢). تەنانەت زۆر جار لە بنجەکە دووردەکەونەوە و کەرەستەی تر دێتە نێوانیانەوە. لە زمانی کوردیدا مۆرفیمەکانی (ناسراوی، نەناسراوی، خستنەسەر ... لە ناودا، مرۆفیمی بەراورد لە ئاوەڵناودا ...هتد) لەو جۆرە مۆرفیمەن.

مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ: ئەم جۆرە مۆرفیمە، کە دەچنە سەر وشە، وشەیەکی نوێ دێتەئاراوە، دەبنە بەشێک لە قەدی وشەکە (Crystal, 2008, p138). واتە قەدێکی نوێ بە واتایەکی نوێ دروستدەکەن (Haspelmath, 2002, p71). بەم پێیە دانەیەکی فەرهەنگیی نوێ دروستدەبێت، کە وشەیەکی داڕێژراوە، (هەر کە وشە داڕێژراوە نوێیەکە هاتەکایەوە، دەچێتە ناو فەرهەنگەوە) (فەتاح و قادر، ٢٠٠٦، ل٦٠). ئەو وشە نوێیە دەکرێت وەک هەر وشەیەکی ئاسایی تر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و مۆرفیمی تر وەربگرێت. لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی وشەداڕێژ بە شێوەی پێشگر یان پاشگر دەردەکەوێت، وەک پێشگری (ڕا، بە، نە) لە وشەکانی (ڕاگر، بەهێز، نەزان ...) و پاشگری (ە، ێنە، ی) لە وشەکانی (دەستە، زەردێنە، جوانی...).

## ٢-٤: مۆرفیم، مۆرف، ئەڵۆمۆرف:

مۆرفیم وەک کەرەستەیەکی زمان بوونی فیزیکی و واتایی، واتە ڕەهەندێکی مادی (شەپۆلی دەنگ) و ڕەهەندێکی واتایی (ناوەرۆک)ی هەیە. لە هزری قسەپێکەری زمانەکەدا هەردوو دیوەکەی پێکەوە بەستراون، بە بیستنی ڕەهەندە مادییەکەی واتاکەی بە بیردا دێت، هەروەها بۆ گەیاندنی بیرۆکە(واتا)ی مۆرفیمەکە لە فۆڕمە فیزیکییەکەیدا بەرجەستەی دەکات. تەنیا ڕەهەندە فیزیکییەکەی مۆرفیم، کە بوونی بەرجەستەی هەیە و دەگوترێت و تۆماردەکرێت و دەنووسرێت دەبێتە (مۆرف). مۆرفیم (یەکەیەکی ئەبستراکتە، بەهۆی یەکەی زمانییەوە دەنوێنرێن، کە بە مۆرف ناودەبرێن. هەندێک مۆرفیم بە یەک مۆرف دەنوێنرێت، بەڵام هەندێک مۆرفیم بە چەند مۆرفێکی جیاواز دەنوێنرێت، بەو مۆرفە جیاوازانە دەگوترێت ئەڵۆمۆرف) (Crystal, 2008, p313). واتە ئەڵۆمۆرف شێوە جیاوازەکانی دەرکەوتنی مۆرفیمە لە ژینگە جیاوازەکاندا، بۆ نموونە مۆرفیمەکانی (دار، کوڕ، م...) تەنیا بە یەک شێوە دەردەکەون، واتە هەریەکەیان یەک مۆرفیان هەیە، بەڵام مۆرفیمی نەناسراوی (ێک) بە شێوەی (ێ، ەک، ییک، یێ، یەک) دەردەکەوێت.

سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان مۆرفەکان هەندێک زمانەوان بوونی پەیوەندیی فۆنۆلۆجیی نێوان مۆرفە جیاوازەکان بە مەرج دادەنێن بۆ ئەوەی دوو شێوەی مۆرفیم، کە هەمان واتا و ئەرک دەگەیەنن بە ئەڵۆمۆرفی یەکتر دابنرێن، کەچی هەندێکیان تەنیا یەکسانییان لە واتا و ئەرکدا بە مەرج دادەنێن بۆ ئەوەی ببن بە ئەڵۆمۆرفی یەکتر (فتاح، ٢٠١١، ل٨٦)، هەندێک زمانەوان ئەوەش بە مەرج دادەنێت، کە (نابێت هەموو مۆرفەکان لە یەک شوێندا دەربکەون، واتە پێویستە هەر یەکێکیان بۆ شوێنێک بێت) (محمد، ٢٠١٩، ل٦١). بەم پێیە زۆربەی وشە هاوواتاکان

نابن به ئەڵۆمۆفی یەکتر، چونکە هاوواتای تەواو لە زماندا نییە و ئەو وشانە هەمیشە ناتوانن لە شوێنی یەکتر بەکاربێن.

### ٢-٥: پێکهێنەرەکانی وشە:

وشە یەکەیەکی زمانییە، لە سەرەتای هەوڵەکانی مرۆڤەوە بۆ قسەکردن لەسەر زمان، وشە دانەیەکی بنەڕەتیی ڕووی لێکۆڵینەوە بووە، بەڵام زمانەوانان لە پێناسەکردنی وشەدا نەگەیشتوون بە بنبەست و پێناسەی جیاواز بۆ وشە کراوە، تا ڕادەیەک هەموو پێناسەکان گرفتی داپۆشینی هەموو جۆرەکانی وشەیان هەیە[٤]. بە گشتی وشە دانەیەکی فەرهەنگییە، کە دەتوانێت بە تەنیا دەربکەوێت و واتا بدات.

وشە خاوەنی ڕۆنانە، هەر ڕۆنانێکیش چەندین پێکهێنەری جیاوازی هەیە، کە دەبن بە بەشەکان(توخمەکان)ی ئەو ڕۆنانە. ئەو پێکهێنەرانە بەپێی جیاوازیی ڕۆڵیان لە گەیاندنی واتا و پێکهاتەی مۆرفۆلۆجییان جیاکراونەتەوە، لەسەر ئەو بنەمایە پێکهێنەرەکانی وشە بەم جۆرە دیاریکراون:

**ڕەگ:** فۆڕمی بنەڕەتیی وشەیە، کە ناتوانرێت بەبێ لەدەستدانی ناسنامەی وشەکە زیاتر شیبکرێتەوە. واتە ئەو بەشەی وشەیە، کە پاش لێکردنەوەی هەموو گیرەکەکان دەمێنێتەوە. ئەویش یان مۆرفیمێکی ئازادە، یان بەندە (Crystal, 2008, p419). بۆیە ڕەگ لە ڕووی دەرکەوتنەوە دوو جۆری هەیە، ئەویش ڕەگی ئازاد (Free Root) و ڕەگی بەند (Bound Root)ە. بە شێوەیەکی تر ڕەگ ((بەشی سەرەکیی وشەیە، کە ناتوانرێت بۆ پارچەی بچووکتر دابەشبکرێت. ئەو بەشە سەرەکییە واتای سەرەکیی وشەکەی هەڵگرتووە))( BROWN & MILLER, 2013, p389). ڕەگ ئاسایی لە یەک مۆرفیم پێکدێت و ناتوانرێت دابەش بکرێت[٥].

مۆرفیمی ڕەگ بە زۆری ئازادە، چونکە هەموو وشەیەکی سادەی بێ گیرەکی ڕێزمانی ڕەگە و بە شێوەی ئازاد دەردەکەوێت، هەندێک کاتیش بە شێوەی بەند دەردەکەوێت. واتە دەتوانێت ببێتە بنج و، گیرەک لەخۆیبگرێت و وشەی نوێ دروستبکات، بەڵام بەتەنیا دەرناکەوێت، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا (-ceive) ڕەگێکی بەندە و بە تەنیا دەرناکەوێت، بەڵام لەگەڵ گیرەکدا وشەی وەک ( perceive, receive, conceive, deceive...) دروستدەکات[٦]. هەروەها لە زمانی کوردیدا (زان) ڕەگی چاوگی (زانین)ە، دەتوانێت گیرەک بگرێتەخۆی و وشەی وەک (نەزان، زانا) دروستبکات، بەڵام خۆی بەتەنیا دەرناکەوێت.

لە زمانی کوردیدا بە زۆری ڕەگی کار/چاوگ دەتوانێت بە شێوەی مۆرفیمی بەند دەربکەوێت، لە بەشەئاخاوتنەکانی تردا بە دەگمەن ڕەگ بە شێوەی مۆرفیمی بەند دەبێت. واتە بە زۆری ڕەگی بەشەئاخاوتنەکانی تر لە شێوەی وشەی سادەدا دەردەکەون، جگە لە چەند وشەیەکی کەم نەبێت، کە دەتوانن ببنە بنج بۆ وشەی تر، یان لەگەڵ ڕەگ/وشەی تردا وشەی لێکدراو دروستبکەن، بەڵام بەتەنیا دەرناکەون، وەک (نقوم، واز، سڵ، تاقی، تەمبێ، اوێز، قورت، پەک، فێر، دەرباز...) لە ناو پێکهاتەی (نقومبوون، وازهێنان، سڵکردنەوە، تاقیکردنەوە، پەڕاوێز، هەڵقورتان، پەککەوتن، فێربوون، دەربازبوون...).

لە زمانی کوردیدا ڕەگی کار/ چاوگ دەشێت هەندێک جار مۆرفیمی ئازادبێت، وەک (ترش، ترس)، کە ڕەگی چاوگی (ترشان، ترسان)ن و بەتەنیا دەردەکەون. هەندێک جاریش مۆرفیمی بەندن، وەک (گر، خوێن)، کە ڕەگی (گرتن، خوێندن)ن. ئەم جۆرە ڕەگە لە کوردیدا هەندێک جار بە مۆرفیمی (بنکەی بەند) ناوبراوە[٧].

وشەی سادە و داڕێژراو یەک ڕەگیان هەیە، چونکە ئەم جۆرە وشانە تەنیا یەک مۆرفیمی وایان هەیە، کە بتوانێت لە ژینگەی تردا بۆ

دروستکردنی وشەی تر ببێتە بنج. ڕەگی وشەی دارێژراو بە لێکردنەوەی گیرەکی وشەدارێژ و ڕێزمانی دەستدەکەوێت، جا ئەو وشەیە کار بێت یان هەر بەشەئاخاوتنێکی تر، بۆ نموونە وشەی (بەهێز) ئاوەڵناوە و ڕەگەکەی بە لێکردنەوەی گیرەکی (بە) دەستدەکەوێت، چونکە گیرەکەکە بەشێک نییە لە بنەڕەتی وشەکە و خراوەتەسەری. ئەم بنەمایە بۆ کار/چاوگیش ڕاستە، بۆ نموونە ڕەگی کاری (هەڵفڕی) بە لێکردنەوەی گیرەکی وشەدارێژی (هەڵ) و گیرەکی ڕێزمانیی (ی) دەستدەکەوێت و ڕەگەکە دەبێتە (فڕ).

سەبارەت بە ڕەگی وشەی لێکدراو لە زمانەوانیی ئینگلیزیدا لای زۆر لە زمانەوانان وشەی لێکدراو زیاتر لە ڕەگێکی هەیە ( McCarthy, 2002, p21)، واتە ڕەگی وشەی لێکدراو بە (ڕەگ+ڕەگ) دادەنرێت و بە (ڕەگی لێکدراو- root compound) ناوی دەبەن. ئەم بنەمایە بۆ زمانی کوردیش ڕاستە. واتە لە وشەی لێکدراودا بە لامی کەمەوە دوو ڕەگ هەیە، چونکە بە لای کەمەوە دوو کەرەستەی وا هەیە، کە بتوانن بۆ دروستکردنی وشەی تر لە ژینگەی تردا ببنە بنج. واتە دوو کەرەستەی وای تێدایە، کە دەتوانن ببنە بنج و و ناتوانرێت لەوە بچووکتر بکرێنەوە، بۆ نموونە لە وشەی (گوڵەباخ)دا هەریەک لە (گوڵ، باخ) دەتوانن ببنە بنجی وشەی تر، (گوڵ) لە وشەی (گوڵدان)دا بنجە و (باخ) لە وشەی (باخەوان)دا بنجە، بەم پێیە ڕەگی وشەی (گوڵەباخ) دەبێتە (گوڵ+باخ). بەم شێوەیە ڕەگی وشە بە سێ شێوە دەردەکەوێت:

یەک ڕەگ لە شێوەی مۆرفیمی ئازاد، وەک ڕەگی دار، گوڵ... هتد.

یەک ڕەگ بە شێوەی مۆرفیمی بەند، وەک ڕەگی کڕین، گرتن... هتد.

وشەی لێکدراو زیاتر لە یەک ڕەگی هەیە، ئەویش بە شێوەی زیاتر لە مۆرفیمێکی ئازاد، یان زیاتر لە مۆرفیمێکی بەند یان بە شێوەی مۆرفیمی بەند و ئازادە، وەک ڕەگی ئەمانەی خوارەوە:

دارگوێز: دار+گوێز= ئازاد+ئازاد

وازهێنان: واز+هێ= بەند+بەند

دەستبڕین: دەست+بڕ= ئازاد+ بەند

**بنج(base):** ئەو یەکەیەی زمانە، کە بتوانرێت هەر جۆرێکی گیرەکی بۆ زیادبکرێت. هەموو ڕەگێک دەتوانێت ببێتە بنج. واتە دەتوانرێت گیرەکی بۆ زیادبکرێت. بە واتایەکی تر، هەموو ڕەگەکان بنجن( KATAMBA, 2006, p46). بۆیە دەتوانرێت بگوترێت ئەو بەشەی وشەیە، (هەردوو جۆرەکەی گیرەکی ڕێزمانی و داڕشتنی پێوەنەبێت) (شێخ تەیب، ٢٠١٤، ل١٠٦). بنج و ڕەگ زۆرجار بە هاوواتای یەکتر بەکاردەهێنرێن، زۆر جاریش یەکسانن، بەڵام جاری وا هەیە جیاوازن، بۆ دەرهێنانی ڕەگی وشە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ بنەڕەتی وشەکە، کە زۆر جار هەمان فۆڕمی دەرکەوتوو نییە، بەڵام بۆ دەرهێنانی بنج مامەڵە لەگەڵ فۆڕمی دەرکەوتووی وشەدا دەکرێت(HASA, 2017, p1)، بۆ نموونە ڕەگ و بنجی وشەی (ڕاگر) هەر (گر)ە، بەڵام وشەیەکی وەک (ئاگرین) بنجەکەی (ئاگر)ە، کەچی ڕەگەکەی (ئاتر)ە، چونکە ((ئاگر) لە (ئاتر)ەوە هاتووە، کە وشەکە لە بنەڕەتدا ئاڤێستاییە و بەو فۆڕمە بەکارهاتووە) (دزەیی، ٢٠١١، ل٢٠). لە زمانەوانیی کوردی بە گشتی و لە ڕێزمانی کوردیی پرۆگرامی خوێندنی کوردی لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی، گرنگی بە بابەتی بنج نەدراوە و لە ڕەگ جیانەکراوەتەوە.

**پ- قەد(stem):** زاراوەیەکە زۆر جار لە بواری زمانەوانیدا بۆ یەکێک لە پێکهێنەرەکانی بنیادی وشە بەکاردەهێنرێت. ئەویش یان لە یەک مۆرفیمی ڕەگ پێکدێت، وەک لە وشەی سادەدا، یان لە مۆرفیمێکی ڕەگ و مۆرفیمێکی بەندی وشەداڕێژ پێدێت، وەک لە وشەی داڕێژراودا، یان لە دوو مۆرفیمی ڕەگ پێکدێت (هەندێک جار مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژیشی

لەگەڵدایە)، وەک لە هەندێک لە وشەی لێکدراودا (Crystal, 2008, p452).
قەد ئەو بەشەی وشەیە، پێش زیادکردنی هەر مۆرفیمێکی ڕێزمانی، کە وەکو پێویستییەکی ڕستەسازی دەردەکەون، وەک مۆرفیمی کۆکردنەوە لە ناودا، مۆرفیمی کات لە کاردا ...هتد، هەیە (KATAMBA, 2006, p46).
بۆیە قەد ئەو بەشەی وشەیە، دوای لێکردنەوەی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان دەمێنێتەوە. واتە مۆرفیمی بەندی وشەدرێژ وەکو بەشێک لە قەد دەمێنێتەوە. وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

| وشە | مۆرفیمی وشەدارێژ | مۆرفیمی ڕێزمانی | ڕەگ | قەد | ژمارەی مۆرفیمی قەد |
|---|---|---|---|---|---|
| باخچەکە | -چە | -ەکە | باخ | باخچە | ٢ |
| هەڵگرت | هەڵ- | -ت | گر | هەڵگر | ٢ |
| گوڵ | - | - | گوڵ | گوڵ | ١ |
| دارگوێز | - | - | دار+گوێز | دارگوێز | ٢ |

### ٢-٦: جۆرەکانی وشە لە ڕووی ڕۆنانەوە:

وشە خاوەن ڕۆنانە و بە مۆرفیم ڕۆدەنرێت، هەر وشەیەک لە مۆرفیمێک یان زیاتر پێکدێت. پێناسەکردنی جۆرەکانی وشە لە ڕووی ڕۆنانەوە لەسەر بنەمای خودی وشە، کۆمەڵێک گرفتی بۆ پەیدادەبێت[٨]، بە تایبەتی لە پێناسەکردنی وشەی ناسادەدا زیاتر ئەو گرفتانە دەردەکەون. لە پەیدابوونی تیۆری مۆرفیمدا (بیری سەرەکی ئەوەبوو، کە دانەیەک بدۆزنەوە، هەموو کەرەستەیەکی ڕێزمانی پێ شیبکرێتەوە)(ئەحمەد، ١٩٩٠، ل٢٣)، لە بنەڕەتیشدا دابەشکردنی وشە لەسەر بنەمای ڕۆنان بۆ (سادە، دارێژراو، لێکدراو) بەهۆی جیاوازیی ڕۆنانی مۆرفۆلۆجیی ئەو جۆرە وشانەوەیە، بۆیە باشتر وایە لەسەر بنەمای پێکهێنەرەکانیان، کە مۆرفیمە،

ئەو جۆرە وشانە پێناسەبکرێن. لێرەدا دەمانەوێت لەسەر بنەمای مۆرفیم پێناسەی ئەو جۆرە وشانە بخەینەڕوو.

**وشەی سادە:** (بریتییە لە یەک مۆرفیمی ئازاد) (هەمان سەرچاوە، ل٣١). واتە ئەو وشانەن، کە لە یەک ڕەگی ئازاد پێکدێن، وەک (دار، بەرد، خۆش ...).

**وشەی داڕێژراو:** جۆرێکە لە وشەی ناسادە، بەڵام جیاواز لە وشەی لێکدراو، ئەم جۆرە وشانە (لە ڕەگێک و گیرەکێک یان زیاتر پێکدێن. ڕەگەکە یان ئازادە یان بەندە) (McCarthy, 2002, p21). واتە دەبێت یەک ڕەگ لە پێکهاتەکەیدا هەبێت، بەڵام دەشێت زیاتر لە گیرەکێک هەبێت. ڕەگەکە دەشێت ئازادبێت و وەکو وشە دەربکەوێت، هەروەها دەشێت ڕەگێکی بەندبێت. گیرەکەکە وشەیەکی نوێ بەرهەمدەهێنێت، کە (ناتوانرێت لەگەڵ وشە سادەکەدا بەو فۆڕمەی پێش زیادکردنی گیرەکەکە لەبری یەکتر بەکاربێن) (Haspelmath, 2002, p72). واتە گیرەکەکە دەبێت وشەداڕێژبێت، چونکە گیرەکی ڕێزمانی وشەی نوێ دروستناکات، بەڵکو فۆڕمی جیاوازی هەمان وشە پیشاندەدات. ئەگەرچی ئەو وشانەی مۆرفیمی ڕێزمانیشیان دەچێتە سەر بە (وشەی ئاڵۆز- complex word) دادەنرێن[٩]، وەک ئەو وشانەی بە شێوەی مۆرفۆسینتاکس دەردەکەون (وەک: دە+یان+گر+ت+ین)، بەڵام ئەو مۆرفیمانە وشەکە ناکەنە دانەیەکی نوێی فەرهەنگی، بەڵکو دۆخی ڕێزمانیی وشەکە پیشاندەدەن، بۆیە (بەو جۆرە وشانە دەگوترێت وشەی گەردانکراو) (عەول، ٢٠٠١، ل١٢). ئەم ڕێگایە بۆ سازکردنی دانەی فەرهەنگیی نوێ، کە لە زمانی ئینگلیزیدا بە ڕێگای (Derivation) ناودەبرێت (یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زمانە ئارياييەکان، وەکو کوردی و فارسی ...، ئەم تایبەتمەندییە ئەو دەستە زمانە لە زمانەکانی تری وەک عیبری، تورکی، چینی ... جیادەکاتەوە) (ڕەحیمی، ١٣٨٨، ل٣٥). لە مۆرفۆلۆجیی کوردیدا ئەو جۆرە وشە نوێیەی

بەهۆی مۆرفیمی بەندی وشەدارِێژەوە دروستدەکرێت بە وشەی (دارِێژراو) ناودەبرێت، وەک وشەکانی (نا+خۆش، دەست+ە، ڕا+هێن+ەر)، کە هەریەک لە (خۆش، دەست، هێن) لە پێکهاتەکەیاندا ڕەگن و ئەوانی تر گیرەکی وشەدارِێژن.

**وشەی لێکدراو:** لەسەر بنەمای مۆرفۆلۆجی و مۆرفیمی ڕەگ وشەی لێکدراو ((ئەو جۆرە وشەیەیە، کە زیاتر لە ڕەگێکی هەیە)) ( Baker & Others, 2000, p28). یان (ئەو جۆرە وشەیەیە، کە بە لێکدانی زیاتر لە ڕەگێک دروستدەبێت) (McCarthy, 2002, p59). واتە زیاتر لە ڕەگێک لە پێکهاتەکەیدا هەیە و هەریەک لەو ڕەگانە بە تەنیا دەتوانن ببن بە بنجی وشەی تر، بۆ نموونە وشەی (گوڵفرۆش) دوو ڕەگی هەیە (گوڵ، فرۆش)، (گوڵ) دەتوانێت ببێت بە بنجی وشەی وەک (گوڵدان)، (فرۆش) دەتوانێت ببێت بە بنجی وشەی وەک (فرۆشیار). دەکرێت ڕەگەکان ئازادبن، وەک (دارگوێز)، یان ئازاد و بەندبن، وەک (جگەرەکێش)، یان هەردووکیان بەندبن، وەک (خۆفرۆش). دەکرێت مۆرفیمی بەندی وشەدارِێژیشیان لەگەڵدابێت، وەک (تەڕەپیاز).

وشەی لێکدراو لەسەر بنەمای خودی وشەش پێناسەکراوە، بۆ نموونە لە پێناسەیەکدا هاتووە، وشەی لێکداو ئەوەیە زیاتر لە وشەیەک لە پێکهاتەکەیدا هەیە (Baker & Others, 2000, p29). ئەم پێناسەیە بۆ هەندێک وشەی وەک (دارگوێز، گوڵەگەنم ...) ڕاستە، چونکە (دار و گوێز، گوڵ و گەنم) وشەن، بەڵام لە زمانی کوردیدا بۆ نموونە ڕەگی کار کاتێک مۆرفیمی بەندیش بێت، دەتوانێت لەگەڵ وشەی تردا وشەی لێکدراو دروستبکات، لە کاتێکدا مۆرفیمە بەندەکان لە ڕووی دەرکەوتن و واتاوە وەکو وشە نین، وەک مۆرفیمەکانی (گر، خوێن، بێژ)، کە ڕەگی وشەکانی (ماسیگر، قورئانخوێن، گۆرانیبێژ ...)ن و مۆرفیمی بەندن، واتە وشە نین. لە بەر ئەو هۆکارە (پێناسەکردنی وشە لەسەر بنەما ڕەگ لەبری وشە،

بەو جۆرەی کە "دوو ڕەگی تێدایە" لەبری ئەوەی بگوترێت "دوو وشەی تێدایە" گونجاوترە) (هەمان سەرچاوە، ل٢٨)، چونکە هەموو جۆرێکی وشەی لێکدراو دادەپۆشێت.

### ٣- کەموکوڕییە جۆراوجۆرەکانی (ڕێزمانی کوردی) بەپێی تیۆری مۆرفیم

#### ٣-١: سەرەتا:

ڕێزمانی کوردی لە قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی بناغەیەکە بۆ قوتابی تاکو زانیاریی لەبارەی زمانی کوردی و یاساکانی زمانەکەوە پەیدابکات. لە سیستەمی خوێندنی هەرێمی کوردستان لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی قوتابی بە ئەلفبای زمانەکە ئاشنادەکرێت، قۆناغەکانی دواتریش خوێندنەوە و ڕاهێنانی قوتابییە لەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دەق و ئاخاوتندا. لە پۆلی حەوتەمی بنەڕەتییەوە یاسا ڕێزمانییەکان بە شێوەیەکی زنجیرەیی پێکبەستراو دەخرێنە بەردەستی قوتابی. لە پێش ئەو پۆلە ڕێزمان بە شێوەیەکی سەرەتایی بە شێوەی ڕاهێنان هەیە، خستنەڕووی دەستوور و ڕوونکردنەوەی یاساکان لە پۆلی حەوتەمەوە دەستپێدەکات. لە قۆناغی ئامادەییدا بەپێی قۆناغەکە و ئاستی قوتابی بابەتەکان فراوانتر و وردتر دەبن.

هەر پرۆگرامێکی خوێندن پێویستە لەگەڵ زانستی سەردەمدا بڕوات و ساڵانە بەپێی تیۆری نوێی بوارەکە لەو بابەتانە پاکبرێتەوە، کە تیۆر و سەلمێنراوە نوێیەکان ڕەتیاندەکەنەوە. ئەگەرچی تیۆری مۆرفیم لەچاو تیۆری وشە نوێیە، بەڵام پەیدابوونی زانستەکە بۆ ئەم قۆناغە نوێ نییە، لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا تیۆرێک لەوە باشتر بۆ شیکردنەوەی ڕۆنانی وشە جێی پێ لەقنەکردووە. لەسەر ئەو بنەمایە پێویستە ئەو

بناغەیەی بۆ قوتابی لەبارەی ڕێزمانی کوردییەوە دادەنرێت تیۆری مۆرفیم لەبەرچاوبگرێت، بەلای کەمی نابێت ناساندنی زاراوەکان و ئەوە یاسایانەی بە قوتابی ئاشنادەکرێن لەگەڵ ئەو تیۆرەدا ناکۆکبن. لەم بەشەدا کەموکوڕیی هەندێک لەو بابەتانەی ڕێزمانی کوردی بەپێی تیۆری مۆرفیم و ئەو بنەمایانەی لە بەشی یەکەمدا خرانەڕوو، دیاردەکەین.

### ٣-٢: ڕەگی کار/ چاوگ(وشە):

وەک لە بەشی یەکەمدا دیارکرا، ڕەگی هەر وشەیەک، کاربێت یان بەشەئاخاوتنی تر، بریتییە لەو بەشەی وشە، کە پاش لێکردنەوەی هەموو گیرەکەکان دەمێنێتەوە. وشەی لێکدراویش زیاتر لە یەک مۆرفیمی ڕەگی هەیە. بابەتی ڕەگی کار لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی بە فراوانی باسکراوە و یاساکانی دۆزینەوەی دیاریکراوە. یاساکان بۆ هەریەک لە جۆرەکانی چاوگ بەپێی (نیشانەی چاوگ/ مۆرفیمی کاتی ڕابردوو) جیاکراونەتەوە[١٠]. لە دیاریکردنی یاساکاندا چەند کەموکوڕییەک هەیە:

لەبری دانانی یاسای گشتیی دەرهێنانی ڕەگ، کە لە بەشی یەکەمدا باسکراوە و لەگەڵ پێناسەی ڕەگ بەو جۆرەی کە زمانەوانان لەسەری کۆکن و لەسەر بنەمای تیۆری مۆرفیم دیارکراوە، لەوێدا یاساکان بەجیا و بە شێوەیەکی ئاڵۆز باسکراون.

سەبارەت بە چاوگە ئەلفییە تێنەپەڕەکان، یاساکەی بەم جۆرە دیاریکراوە، کە ڕەگەکانیان (بە لابردنی نوونی چاوگ و گۆڕینی پیتی (ا) بۆ (ێ) دروستدەکرێت) (لیژنەیەک، ٢٠٢١، ل٣٣-٣٤)، بەڵام بەپێی پێناسەی (ڕەگ)، ڕەگی هەموو چاوگێکی سادە و داڕێژراو (جگە لە ناوێزەکان) بە لێکردنەوەی هەموو گیرەکەکان (پێشگر و پاشگرەکان) دەردەهێنرێت. واتە لە چاوگی سادەدا دەبێت (ن)ی چاوگ و (مۆرفیمی کات/ نیشانەی چاوگ)ی لێ بکرێتەوە، چونکە ئەو دوو مۆرفیمە گیرەکن و لە ژینگەی

تردا وەکو مۆرفیمی بەند دەردەکەون. لەسەر ئەو بنەمایە ڕەگی چاوگی (برژان، گیران، سوتان، خەسان، نوسان، ترشان، ترسان ...هتد) بریتییە لە (برژ، گیر، سوت، خەس، نوس، ترش، ترس ...هتد). واتە نابێت فۆنیمی (ێ)یان لەگەڵبێت، وەک ئەوەی لە پەرتووکەکەدا هاتووە. ئەو فۆنیمە تەنیا لەگەڵ کاری ڕانەبردوودا وەکو مۆرفیمی کاتی داهاتوو دەردەکەوێت و (واتای کاتی داهاتوو دەدات) (ڕەسوڵ، ١٩٩٥، ل١٠٢). زۆر لەو ڕەگانە لە ژینگەی تردا دووبارەدەبنەوە و فۆنیمی (ێ)یان لەگەڵدا نییە. هەندێک لەوانە دەتوانن بەتەنیا دەربکەون، وەک (ترش، ترس، نەخش، ئێش، لەق، ئاوس، خلیسک، خنک[١١]، درەوش، خول، چەسپ، ڕووت، سووڕ، لەوەڕ، تلیش، قلیش..). ڕەگی هەندێکیشان وەکو مۆرفیمی بەند(ڕەگی بەند) لە پێکهاتەی وشەی تردا دووبارەدەبێتەوە. با سەیری ئەم نموونانە بکەین:

| وشە | پێکهاتەی مۆرفۆلۆجیی |
|---|---|
| خاوەبرژ | خاو+ە+برژ |
| دڵگیر | دڵ+گیر |
| سوتەک | سوت+ەک |
| کێوسوت | کێو+سوت |
| کەڵخەس | کەڵ+خەس |
| نوسەک | نوس+ەک |

لە خشتەکەدا دەبینین ئەو ڕەگانە بەبێ فۆنیمی (ێ) چوونەتە پێکهاتەی وشەی ترەوە، لێرەدا ناکرێت (برژێ، گیرێ، سوتێ ...هتد) ڕەگبن، لە هەمان کاتدا ئەو فۆڕمانەی ناو پێکهاتەی وشەکانی ناو خشتەکەش ڕەگبن، چونکە ڕەگ تاکە مۆرفیمێکە و لەوە بچووکتر ناکرێتەوە. لەلایەکی ترەوە یەکێک لە بنەماکانی مۆرفیم ئەوەیە پێویستە لە

ژینگەی تر بە هەمان فۆڕم و واتا دووبارەببێتەوە، بەڵام دەبینین (ێ) لەگەڵ ڕەگەکاندا تەنیا لە پێکهاتەی کاری ڕانەبردوو لە دەردەکەون، بەکەمیش بەشێکیان لە پێکهاتەی کرداری فەرماندانداا دەردەکەون(بسووتێ)، کەچی بێ دەرکەوتنی (ێ) لە ژینگەی تردا بە تەنیا یان لە پاڵ مۆرفیمی تر ئاسایی بە هەمان فۆڕم و واتا دەردەکەون[١٢]. جگە لەو وشانەی ئاماژەیان پێ کراوە لە زمانی کوردیدا ژمارەیەکی زۆری وشە هەیە، کە ڕەگی ئەو جۆرە کار/چاوگانە بەبێ فۆنیمی (ێ) لە پێکهاتەکەیاندا هەیە، وەک (گیرەک، کەفگیر، بوێر، سەردڕ، کێودڕ، بریقە، گلۆر، جوڵە، نەکوڵ، نەکوڵەک، کوڵەک، بژێ، مەگرێ، گەڕۆک، ماڵانگەڕ، نەگۆڕ[١٣]، پچڕپچڕ، تۆڕتۆرەکێ، زڕخەو، نەساز، ...هتد).

سەبارەت بە ڕەگی چاوگی داڕێژراو، بە گشتی لە پرۆگرامی پۆلە جیاوازەکاندا گیرەکی وشەداڕێژ بە بەشێک لە ڕەگی کار دانراوە، بۆ نموونە لە پۆلی نۆیەمدا لە ڕەگی چاوگی وەک (لێبووردن، ڤەشارتن)دا پێشگرەکان وەکو بەشێک لە ڕەگ دانراون و (لێبوور، ڤەشێر) بە ڕەگ دانراون[١٤]. هەروەها لە پۆلی یازدەیەمدا (ڕاگر، هەڵکێش) بە ڕەگی کار دانراون[١٥]. دیسان ئەم مامەڵەیەش لەگەڵ ئەو جۆرە کارانەدا لەگەڵ پێناسەی ڕەگدا کۆکنییە، چونکە هەریەک لە (لێ، ڤە، ڕا، هەڵ) گیرەکن و مۆرفیمی جیاوازن لە مۆرفیمی ڕەگ، ناکرێت مۆرفیمێکی بەند بە بەشێک لە مۆرفیمێکی تر دابنرێت.

دەکرێت لە وشەیەکی وەک (سوتەک)دا گریمانەی ئەوە بکرێت، لە بنەڕەتدا پێکهاتەی وشەکە بە شێوەی (سوتێ+ەک) بووبێت، بەڵام گریمانەکە ڕاست دەرناچێت، چونکە جگە لەوەی (سوت) دەتوانێت لە کۆتایی وشەش دەربکەوێت، ناکرێت بگوترێت فۆنیمی /ێ/ بەهۆی بوونی فۆنیمی /ە/ تیاچووە، لە کاتێکدا فۆنیمی /ێ/ بەهێزترە و فۆنیمی /ە/ (بزوێنێکی کورت و بێهێزە)(ڕەسوڵ، ١٩٩٥، ل١١٤)، کاتێک لەگەڵ بزوێنی

تردا دەردەکەوێت، ئەگەر ناوبەند دروستنەبێت، /ە/ تیادەچێت، نەک بزوێنەکەی تر، بۆ نموونە (پەنجەرە+ان=پەنجەران، ئەم پەنجەرانە ..).

لە دەستوور و یاساکانی دەرهێنانی ڕەگ لە پۆلی نۆیەمدا یاسای دەرهێنانی ڕەگی چاوگی داڕێژراو دیارنەکراوە. بە هیچ جۆرێکیش باسی ڕەگی چاوگی لێکدراو، ڕەگی بەشەئاخاوتنی تر، جگە لە چاوگ/ کار نەکراوە.

لەبارەی ڕەگی چاوگ/کاری لێکدراو، لە ڕێزمانی پۆلی دوانزدەیەمی ئامادەیی لە یاسای داڕشتنی (ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی)دا، هەروەها لە بابەتی (کاری داخوازی)دا دەردەکەوێت، فۆرمی وەک (پەروەردە-کە، سەر-کەو، سەر-خە، فریا-کە) بە ڕەگی چاوگی (پەروەردەکردن، سەرکەوتن، سەرخستن، فریاکەوتن) دانراون[١٦]؛ بە هەمان شێوەی چاوگی داڕێژراو ئەمەش لەگەڵ پێناسەی ڕەگدا کۆکنییە، چونکە لێرەدا، کە بە یەک ڕەگ دانراون، واتە بە یەک مۆرفیم دانراون، بەڵام ناتوانین بڵێین فۆرمێکی وەک (پەروەردە-کە) لە یەک مۆرفیم پێکهاتووە. لە پێکهاتەی وشەکەدا دوو مۆرفیمی وا هەیە، کە لە ڕووی واتا و ڕێزمانەوە وەکو مۆرفیمی ڕەگ بەکاردەهێنرێن و دەتوانن ببنە بنج و مۆرفیمی بەندی تر لە خۆیان بگرن و وشەیەکی نوێ بەرهەمبێنن. وشەی (پەروەردە) بە تەنیا و لە پێکهاتەی وشەی وەک (پەروەردگار، پەروەردەیی، ناپەروەدەیی)دا مۆرفیمی ڕەگە، هەروەها (کە) بە هەمان شێوە لە پێکهاتەی وشەی وەک (کردن، بکەر، هەڵکردن، داکردن، ڕۆکردن)دا مۆرفیمی ڕەگە، بۆیە ئەو دوو مۆرفیمی ڕەگە لە هەر ژینگەیەکی تردا دەربکەون، هەر وەکو مۆرفیمی ڕەگ دەمێننەوە. بۆیە پێویستە لە ڕێزمانی کوردیدا بە هەمان شێوەی ڕێزمانی ئینگلیزی جێگای چەمکی (ڕەگی لێکدراو) بکرێتەوە و ئەوە بە قوتابی بگەیەنرێت، کە وشەی لێکدراو بە لای کەمی دوو ڕەگ لە پێکهاتەکەیدا هەیە. لێرەدا چاوگی (پەروەردەکردن) دوو ڕەگی هەیە، کە

بریتییە لە (پەروەردە+کە)، ئەم بنەمایە بۆ هەر وشەیەک یان چاوگێکی لێکدراو دروستە. ئەم کێشەیە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە دان بە بوونی ڕەگی وشەی تری جیا لە چاوگ/کار نەنراوە.

لەبری ئەوە پێویستە چەمکی ڕەگ بەو شێوەیەی کە باوە و لەگەڵ پێناسەی (مۆرفیمی ڕەگ)دا کۆکە و، لە زمانی تری وەک ئینگلیزیدا پەیڕەودەکرێت بە قوتابی ئاشنابکرێت. هەروەها یاسای بنەڕەتیی دەرهێنانی ڕەگ، کە یەک یاسایە، فێری قوتابی بکرێت. لەگەڵ ئەوەدا ناوێزەکان دیاربکرێن، وەک ئەو چاوگانەی ڕەگەکانیان لە فۆڕمی کاری (ڕابردووی نزیک)دایە، بۆ نموونە (گروون، بیستن ...هتد). هەروەها گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکان وەک گۆڕینی /ا/ لە پێکهاتەی ڕەگی وەک (ژماردن، سپاردن)، گۆڕینی /ش/ بۆ /ژ/...هتد ڕوونبکرێتەوە. جگە لەوە یاسای دەرهێنانی ڕەگی چاوگی داڕێژراو و لێکدراو بنووسرێت، ئەوەش بۆ قوتابی ڕوونبکرێتەوە، کە هەموو وشەیەک ڕەگی هەیە. دەشکرێت چەندین وشە هەمان ڕەگیان هەبێت، بۆ نموونە وشەکانی (گرتن، داگرتن، هەڵگرتن، ڕاگر، ڕاگرایەتی، گرتی، گرتمان ...هتد) هەمان ڕەگیان هەیە، کە (گر)ە.

**٣-٣: قەدی چاوگ:**

وەک لە پێناسەی قەددا هاتووە، کە قەدی هەر وشەیەک بە لێکردنەوەی مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی دەدۆزرێتەوە، بەڵام لە ڕێزمانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتیدا هاتووە، کە (لە هەر چاوگێکدا ئەگەر (ن)ی چاوگ لابدەین ئەوەی دەمێنێتەوە پێی دەگوترێت (قەدی چاوگ)، کە لە هەمان کاتدا دەبێتە کاری ڕابردووی نزیک) (لیژنەیەک١، ٢٠١٧، ل١٠٤). ئەم بنەمایە بۆ دەرهێانی قەدی چاوگ لە ڕێزمانی پۆلی نۆیەمیش دووبارە بووەتەوە[١٧]. هەروەها لە پۆلەکانی تریش وەک پۆلی دەیەم و یازدەیەم و دوانزدەیەم لە بابەتە جیاوازەکاندا لە ناوهێنانی قەدی چاوگدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە پەیڕەوی هەمان بنەما کراوە. لە کاتێکدا هەردوو

گیرەکی چاوگ (مۆرفیمی کات، مۆرفیمی چاوگ-ن) مۆرفیمی ڕێزمانین، بۆیە ئەو یاسایە بۆ دەرهێنانی (قەد) لەگەڵ چەمک و پێناسەی ئەو زاراوەیەدا یەکناگرێتەوە. وەک لەو ڕوونکردنەوەیەی خودی پەرتووکەکەدا هاتووە، کە دوای لێکردنەوەی (ن)ی چاوگ، ئەوەی دەمێنێتەوە (کاری ڕابردووی نزیک)ە، نەک قەد. بۆ دەرهێنانی قەدی هەر چاوگێگ پێویستە هەموو مۆرفیم (پێشگر و پاشگر)ە ڕێزمانییەکان لاببرێن نەک تەنیا (ن)ی چاوگ، بۆ نموونە قەدی چاوگی (مردن، هەڵگرتن) دەبێتە (مر، هەڵگر)، بەڵام ڕەگەکانیان دەبێتە (مر، گر).

### ٣-٤: جۆرەکانی وشە لە ڕووی ڕۆنانەوە:

**وشەی سادە:** لە ڕێزمانی پۆلی حەوتەمدا لە پێناسەی وشەی سادەدا هاتووە: (ئەو وشەیەیە، کە لە لێکدانی چەند پیتێک پێکهاتووە، بە شێوەیەکی تایبەت خراونەتە پاڵ یەک و شێوەیەکی سادە و واتایەکی تەواوی هەیە) (لیژنەیەک١، ٢٠١٧، ل١٦). ئەم پێناسەیە چەند گرفتێکی هەیە، کە ئەمانەن:

(پیت) کەرەستەی نووسینە نەک ئاخاوتن، بەڵام زمانەوانی لە زمان دەکۆڵێتەوە، بۆیە پێناسەکردنی کەرەستەیەکی زمان لەسەر بنەمای (پیت) گرفتی ئەوەی هەیە، کە وشەی گۆکراو ناگرێتەوە. جگە لەوە بوونی چەند پیتێک بۆ ئەوەی کەرەستەیەک بە وشە دابنرێت مەرجێکی گونجاو نییە، چونکە مۆرفیمی بەند (زۆر جار) و گرێ و ڕستە و دەقیش لە ژمارەیەک پیت پێکدێن.

هەموو فۆنیمەکانی ناو پێکهاتەی وشەی سادە بەشێکن لە وشەکە نەک (بە شێوەی تایبەت) خرابنە پاڵ یەک. ڕوونیش نییە مەبەست لە شێوەی تایبەت چییە.

له ڕوونکردنەوەی چەمکی (سادە)دا دووبارە وشەی (سادە) هاتووە، ئەمەش ناساندنی وشەیەکە بە خودی وشەکە، بۆیە بوونی وشەکە لە پێناسەکەدا هیچ زانیارییەکی زیادە بە قوتابی نادات.

بەو پێیەی هەموو وشەیەکی سادە مۆرفیمێکی ئازادە، ئەگەر بنوسرێت (وشەی سادە بچووکترین کەرەستەی واتاداری زمانە، کە بە شێوەی سەربەخۆ/ ئازاد دەردەکەوێت)، پێناسەکە وشە لە (مۆرفیمی بەند، گرێ، ڕستە، دەق) جیادەکاتەوە.

لەبارەی چاوگی سادەوە لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتیدا هاتووە (ئەو چاوگەیە، کە لە تەنیا یەک وشەی واتاداری سەربەخۆ پێکهاتووە)(لیژنەیەک، ٢٠٢١، ل٢٢). ئەم پێناسەیە ئەم گرفتانەی خوارەوەی هەیە:

وشە هەمیشە واتادارە و سەربەخۆیە، بۆیە دیارخەی (واتاداری سەربەخۆ) لە پێناسەکەدا زیادە و جۆرێکە لە هەڵاوسانی واتایی.

بەپێی ئەم پێناسەیە هەموو وشەیەک چاوگە، چونکە هەموو وشەیەک واتادارە و سەربەخۆیە، وەک: دار، بەرد، خۆش، خێرا، ئێرە ...هتد، کە چاوگنین.

له پێکهاتەی چاوگدا ڕەگ دەبێتە بناغەی چاوگەکە، ڕەگی کار/چاوگیش لە زمانی کوردیدا بە زۆری بەندە، مۆرفیمی بەندیش بەتەنیا دەرناکەوێت، مەرجی وشەش دەرکەوتنیەتی بە شێوەی سەربەخۆ، بۆیە ناکرێت لە پێناسەی چاوگی سادەدا (وشە) بکرێت بە بنەما. تەنیا ژمارەیەکی کەمی ڕەگ هەیە بە شێوەی ئازاد دەردەکەوێت، وەک ڕەگی (ترسان، ترشان، تڕین، ئاوسان...).

له پێکهاتەی چاوگدا جگە لە ڕەگ هەمیشە دوو مۆرفیمی ڕێزمانی (کات، نوونی چاوگ) هەیە، کە لە پێناسەکەدا ئاماژەیان پێ نەکراوە.

چەمکی (سادە) لێرەدا بە واتای ئەوە بەکارهاتووە، کە جگە لە ڕەگی خودی چاوگەکە، هیچ ڕەگێکی تر و مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ لە پێکهاتەی چاوگەکەدا نییە، بەڵام مۆرفیمی ڕێزمانی لە پێکهاتەکەیدا هەیە. لەم بارەیەوە بە لای هەندێک زمانەوانی کوردەوە چاوگ و کاری سادە لە زمانی کوردیدا نییە، چونکە هەموو کارێک لە زیاتر لە مۆرفیمێک پێکدێت[١٨]، بەڵام لە مۆرفۆلۆجیی کوردیدا چەمکی (وشەی داڕێژراو) بە واتای ئەو وشانەی بە ڕێگای (داڕشتن- Derivation) دروستکراون و لە زمانی ئینگلیزیدا بە (derived words) ناودەبرێن، ئەوانیش ئەو وشانەن مۆرفیمی بەندی وشەدارێژ (Derivational)یان چووەتەسەرە. لە ڕێزمانی ئینگلیزیش وشە بە خستنەسەری مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی نابێت بە وشەیەکی نوێ. کە دەگوترێت (سادە) واتە ئەو بەشەی بە پێکهاتەی بنەڕەتیی وشەکە دادەنرێت سادەیە(یەک مۆرفیمە)، نەک ئەو فۆڕمەی، کە پەیوەندییە ڕێزمانییەکانیشی دیاربکات.

هەرچۆنێک بێت دەبێت، لە ناساندنی ئەوانەی پێیان دەگوترێت (چاوگی سادە، کاری سادە) ئاماژە بەو مۆرفیم (پاشگر)انە بکرێت، کە لە چاوگدا (مۆرفیمی کات، نوونی چاوگ)ە و لە کاردا هەمیشە جگە لە ڕەگ (مۆرفیمی کات[١٩]، جێناوی کەسی) لە فۆڕمی دەرکەوتوو یان لە هزردا[٢٠]، هەیە. بەهۆی ئەوەی ڕەگ کەرەستەی سەرەکیی پێکهاتەی چاوگ و کاری سادەیە، وا باشترە پێناسەکردنیشیان هەر لەسەر ئەوە بنەمایەبێت. لەسەر ئەوە بنەمایەش چاوگی سادە بەو جۆرە پێناسەبکرێت، کە (ئەو چاوگانەن، یەک ڕەگ لە پێکهاتەکەیاندا هەیە، لەگەڵ مۆرفیم/ نیشانەی کات و نوونی چاوگ)[٢١]. کاری سادەش (ئەو کارانەن، یەک ڕەگ لە پێکهاتەکەیاندا هەیە، لەگەڵ مۆرفیم/ نیشانەی کات و جێناوێکی کەسی). بەهۆی ئەوەی قوتابی

لەو قۆناغەدا ئاشنای چەمکی (مۆرفیم) نەبووە، وا باشترە زاراوەی وەک (نیشانە، پاشگری ڕێزمانی) بەکاربهێنرێت.

**وشەی داڕێژراو:** لە پەرتووکی پۆلی حەوتەمدا هاتووە، وشەی داڕێژراو (ئەو وشەیەیە، کە تەنیا لە وشەیەکی سادەی واتادار و پێشگرێک یان پاشگرێک یان هەردووکیان پێکدێت و وشەیەکی نوێ دروستدەکات) (لیژنەیەک١، ٢٠١٧، ل١٧)، هەروەها لە باسی پێشگر و پاشگردا هاتووە، کە (زیادەیە و بێ واتایە) (هەمان سەرچاوە، ل١٥). دانانی (وشەی سادە) بە بنچی وشەی داڕێژراو، لە پۆلی هەشتەم و دوانزدەیەم بۆ (ئاوەڵناوی داڕێژراو)، لە پۆلی نۆیەم بۆ (ناوی داڕێژراو) دووبارەبووەتەوە[٢٢]. ئەم پێناسە و ڕوونکردنەوانە ئەم گرفتانەی هەیە:

تەنیا وشەی سادە نییە، کە دەتوانێت وشەی داڕێژراو دروستبکات، بەڵکو لە زمانی کوردیدا ڕەگی کار ئەگەر بە شێوەی بەندیش بێت، دەتوانێت لەگەڵ گیرەکدا وشەی نوێ دروستبکات، وەک (نوس+ەر، نە+زان، ڕا+گر ...). لە کاتێکدا ئەو جۆرە ڕەگانە بە وشە دانانرێت و بە تەنیا دەرناکەون.

مەرجی وشە بوونی واتایە، بۆیە لە پێناسەکەدا دیارخەری (واتادار) زیادە.

بەو پێیەی پێشگر و پاشگر مۆرفیمن، هیچ مۆرفیمێکیش بێواتا نییە، بەڵکو مۆرفیم (بچووکترین یەکەی واتاداری زمانە)، بەڵام واتاکانیان بەستراوەتەوە بە دەرکەوتنیان لە پاڵ کەرەستەی تردا و بە تەنیا واتانادەن، بۆیە لێرەدا بەکارهێنانی دیارخەری (بێواتا) لەگەڵ چەمکی مۆرفیمدا ناکۆکە.

ئەگەر لە پێناسەکەدا لەبری (وشەیەکی سادەی واتادار) بنووسرێت (وشەیەکی سادە یان ڕەگی کار) پێناسەکە ئەو گرفتانەی سەرەوەی نابێت. لە ڕوونکردنەوەی پێشگر و پاشگریشدا بگوترێت (بە تەنیا دەرناکەون و واتا نادەن)، بەو جۆرە ڕوونکردنەوەکە لەگەڵ پێناسەی مۆرفیمدا ناکۆک نابێت. ئەگەر بنووسرێت (ڕەگێک و پێشگرێک یان ...) ئەوا پێناسەکە پوختتر دەبێت و بە هەمان شێوە ئەو گرفتانەی سەرەوەی نابێت، بەو پێیەی هەموو وشەیەکی سادە مۆرفیمێکی ڕەگی ئازادە.

سەبارەت بە چاوگی داڕێژراو لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتیدا هاتووە (لە چاوگێکی سادە لەگەڵ پێشگرێک یان پاشگرێک یان هەردووکیان پێکدێت)، لە ڕوونکردنەوەکەدا (اندن) بە یەک پاشگر دانراوە، کە توانای دروستکردنی چاوگی داڕێژراوی هەیە (لیژنەیەک، ٢٠٢١، ل٢٣). ئەم پێناسە و ڕوونکردنەوەیەش بێ کەموکوڕی نییە، کەموکوڕییەکان ئەمانەن:

هەموو پێشگر و پاشگرێک ناتوانێت چاوگی داڕێژراو دروستبکات، بەو واتایەی لە ڕێزمانی کوردیدا بەکارهاتووە، بەڵکو پێشگر و پاشگری وشەداڕێژ ئەو ئەرکە بەجێدەگەیەنێت، چونکە خودی چاوگی سادە دوو پاشگری ڕێزمانیی پێوەیە، دەشکرێت پاشگری ڕێزمانیی تری وەک (ەکە، یەک، ان) بخرێتە سەر چاوگ، وەک (خواردنەکە، خواردنەکان ...)، بەڵام ئەو پاشگرە ڕێزمانییانە وشەکە ناکەن بە داڕێژراو، تەنیا گیرەکی وشەداڕێژ ئەو ئەرکە بەجێدەگەیەنێت.

لە ڕوونکردنەوەکەدا (اندن) بە یەک پاشگر دانراوە، لە کاتێکدا ئەو فۆرمە لە سێ پارچەی ڕێزمانی (ان+د+ن) پێکدێت[٢٣].

ئەگەر چاوگی داڕێژراو لەسەر بنەمای مۆرفیمی ڕەگ پێناسەبکرێت و بگوترێت (ئەو چاوگانەن، لە یەک ڕەگ و بەلای کەمی گیرەکێکی

دارِشتن (وشەدارِێژ) پێکهاتووە) پێناسەکە گشتگیرتر دەبێت و ئەو گرفتانەی سەرەوەی نابێت.

**وشەی لێکدراو:** لە پەرتوکی پۆلی حەوتەمدا هاتووە، وشەی لێکدراو (ئەو وشەیەیە، کە لە دوو وشەی سادەی واتادار یان زیاتر پێکهاتووە و وشەیەکی نوێ دروستدەکات)(لیژنەیەک١، ٢٠١٧، ل١٧). دانانی مەرجی (دوو وشە) بۆ وشەی لێکدراو لە پۆلی هەشتەم و دوانزدەیەم بۆ (ئاوەڵناوی لێکدراو)، لە پۆلی نۆیەم بۆ (ناوی لێکدراو)، لە پۆلی دەیەم بۆ (کاری لێکدراو) دووبارەبووەتەوە[٢٤]. جگە لەوە لە پۆلی دەیەمی ئامادەیی لە باسی کاری لێکدراودا لە یەکێک لە رِێگاکانی سازکردنی وشە لە پرۆگەمەکەدا هاتووە؛ (پەیڤی بێواتا) بەشداری لە سازکردنی ئەو جۆرە کارەدا دەکات، وەک (فێر، نقوم ...) لە کاری (فێربوو، نقومبوو ...)[٢٥] دا. ئەم پێناسە و رِوونکردنەوانە، ئەم گرفتانەی هەیە:

هەندێک جار وشەی لێکدراو (دوو وشەی ساد)ەیە، وەک (رِووخۆش، دارگوێز ...)، بەڵام بە هەمان شێوەی وشەی دارِێژراو، رِەگی کار، کە بە شێوەی مۆرفیمی بەندبێت دەتوانێت لەگەڵ وشەی تردا وشەی لێکدراو دروستبکات، وەک (دەست+برِ، رِۆژنامە+نوس، ماسی+گر،...)، لە کاتێکدا وشەی سادەنین.

بەهەمان شێوەی پێناسەی وشەی سادە، دیارخەری (واتادار) بۆ وشە زیادەیە، چونکە هەموو وشەیەک واتادارە. ئەگەرچی هەندێک زمانەوان دان بە بوونی (وشەی بێواتا)دا دەنێن، بەڵام لە رِاستیدا قسەکەر هیچ کەرەستەیەک بەکارناهێنێت، ئەگەر بیرۆکەیەک نەگەیەنێت، واتە هەموو کەرەستەیەکی زمان ئەرکی گەیاندنی واتای هەیە، جگە لە (مۆرفیمی بەتاڵ)، چونکە ئەگەر بێواتا بێت، پێویست بە گوتنی ناکات.

جگە لەو بنەمایەی سەرەوە، هەریەک لە فۆڕمی (فێر، نقوم ..) مۆرفیمن، هەموو مۆرفیمێک واتادارە، تەنیا هۆکار بۆ ئەوەی واتاکانیان بەتەنیا دیارنەکەوێت ئەوەیە، ئەو مۆرفیمانە (ڕەگی بەند)ن و بەتەنیا ناتوانن دەربکەون و واتا بدەن، واتە پێویستە لەپاڵ کەرەستەی تردا دەربکەون.

ئەگەر لەسەر بنەمای ڕەگ وشەی لێکدراو بناسێنین، کە (ئەو وشەیە لە زیاتر لە ڕەگێک پێکدێت)، یان لەبری (دوو وشەی سادەی واتادار) بنوسرێت (دوو وشەی سادە یان وشەیەکی سادە و ڕەگێک)، پێناسەکە ئەو گرفتانەی سەرەوەی نابێت.

## ٣-٥: گەردانکردنی چاوگی (بوون):

لە بابەتی کاری ناتەواو لە پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی و چاوگی (بوون) لە پۆلی دوانزدەیەمی ئامادەییدا فۆڕمی (ە) بە یەکێک لە شێوەکانی گەردانکردنی چاوگی (بوون) بۆ (کاتی ئێستا) دانراوە. لە ڕۆنانی هەر وشەیەکدا سێ پێکهێنەر هەیە، کە (ڕەگ، بنج، قەد)ە. بەپێی پێناسەکانیان ڕەگ و بنج و قەدی چاوگی (بوون) بریتییە لە (ب)، واتە فۆڕمی (ە) نابێتە هیچ کام لەو پێکهێنەرانەی چاوگەکە. لە تیۆری مۆرفیم لە بابەتی (ئەلۆمۆرف)دا چارەسەری دەرکەوتنی مۆرفیم بە فۆڕمی جیاواز کراوە، بەڵام زۆربەی زمانەوانان بوونی پەیوەندی فۆنۆلۆجی لە نێوان فۆڕمە جیاوازەکاندا بە پێویست دەزانن، کەچی دەبینین (ە) هیچ پەیوەندییەکی فۆنۆلۆجیی لەگەڵ (بوون، ب)دا نییە. هەروەها ئەو فۆڕمە وەکو شێوەیەکی کار لە هیچ ژینگەیەکی تردا دەرناکەوێت، بۆیە ناکرێت (ە) بە یەکێک لە مۆرفەکانی (ب) دابنرێت. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا ئەگەر (ڕەگ، بنج، قەد)ی (بوون) نەبێت، ئەی چییە؟ بۆچی دەبێت ئەو فۆڕمە بەو چاوگەوە ببەسترێتەوە؟ چ بنەمایەک دەکرێتە پێوەر بۆ ئەوەی قوتابی باوەڕ بەوە بکات کە ئەو دوو فۆڕمە دوو شێوەی دەرکەوتووی هەمان کارن؟

له مۆرفۆلۆجی کوردیدا زۆر له زمانەوانان (ە) به مۆرفیمی کاتی ئێستا دادەنێن و له ژینگەی جیاوازدا ئەو فۆڕمه به مۆرفیمی کات دادەنێن[٢٦]. ئەو مۆرفیمه له کاتی ئێستادا لەگەڵ کاری گەردانکراوی چاوگی (بوون)دا کاتێک دەردەکەوێت، که جێناوی لکاو له دوایەوە دەرنەکەوێت، واته (سفرØ)بێت، لەو کاتەدا (ب)ی ڕەگی کار دەرناکەوێت، چونکه (ئەگەر دەرکەوێ ڕستەکه دەگۆڕێ بۆ فەرماندان)( ڕەسوڵ، ١٩٩٥، ل١١٤). بۆیه له بنەڕەتدا (ە) مۆرفیم/نیشانەی کاتی ئێستایه و له چەندین بارودۆخی تردا ئەو چەمکه دەگەیەنێت و چاڵی مۆرفیمی کات پڕدەکاتەوە، وەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا دیاره:

| | تەواوکەری کار | ئەسپێکت | ڕەگ | کات | جێناو |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕابردوو | کورد | - | ب | وو | Ø |
| داهاتوو | کورد | ده | ب | ێ[٢٧] | Ø |
| ئێستا | کورد | - | ب* | ە | Ø |

لێرەدا له کاتی ئێستا دەرکەوتنی (ب)ی ڕەگی کار لێڵی واتایی دروستدەکات و فۆڕمەکه له شێوەی کاری فەرماندان دەردەکەوێت، چونکه له کاری فەرماندانداندا هەندێک جار (ب)ی مۆرفیمی ئارایی، که دەکەوێته پێش کارەکەوە دەرناکەوێت، وەک:

پاکبکەوە ←پاککەوە

پیاوببه ←پیاوبه

### ٣-٦: لێکدانی مۆرفیمەکان:

هەرچەندە بۆ قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی جیاکردنەوە و ناسینەوەی هەموو جۆرەکانی مۆرفیم(پێشگر یان پاشگر) سەختە، بەڵام بەپێی تیۆری مۆرفیم ناوبردنی جووتێک یان زیاتری مۆرفیمی بەند بە یەک پێشگر یان پاشگر(یەک مۆرفیم) ڕێپێدراونییە، لە هەمان کاتدا بناغەیەکی نادروست بۆ کۆزانیاری(مەعریفە)ی قوتابی لەبارەی زمانی کوردییەوە دادەنێت.

لە ڕێزمانی کوردیی پرۆگرامی خوێندن لە هەرێمی کوردستان، هەندێک مۆرفیم بەهۆی ئەوەی هەمیشە یان زۆر جار پێکەوە دەردەکەون، وەکو یەک پارچەی ڕێزمانی مەمەڵەیان لەگەڵدا کراوە، لە کاتێکدا هەریەک لەو مۆرفیمانە واتا و ئەرکی تایبەت بە خۆیان هەیە، وەک ئەمانەی خوارەوە:

(و/وو+ە): ئەم دوو مۆرفیمە لە داڕشتنی کاری ڕابردووی تەواودا ڕۆڵدەبینن، فۆڕمی (و/ وو)[٢٨] مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراوە و دەتوانێت بەتەنیا بچێتە پێکهاتەی وشەی ترەوە و وشەی نوێ بەرهەمبهێنێت، وەک (سوتاو، نوسراو، مردوو، کەوتوو...هتد)، فۆڕمی دووەمیان (مۆرفیمی کاتی ئێستایە لە پێکهاتەی کاری ڕابردووی تەواودا دەردەکەوێت) (ڕەسوڵ، ٢٠٠٦، ل٨). بەم پێیە هەریەک لەوانە مۆرفیمێکی بەندن، بەڵام لە بابەتی (دەمەکانی کاتی ڕابردوو) لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی[٢٩] و دوازدەیەمی ئامادەیی[٣٠]وەکو یەک پارچەی ڕێزمانی ناوی هێنراوە. دەکرێت بۆ ئەو قۆناغە بە جووتە پاشگری (و/وو+ە) ناویان بهێنرێت.

(ر+ا/ێ): ئەم مۆرفیمانە لە پێکهاتەی کاری بکەرنادیاردا دەردەکەون، فۆڕمی (ر) مۆرفیمی بکەرنادیارە، فۆڕمی (ا) مۆرفیمی کاتی ڕابردووە و لەگەڵ پۆلێک لە کارەکان لە کاتی ڕابردوودا دەردەکەوێت، وەک (سوت+ا+م، کێڵ+ا+ی ...)، فۆڕمی (ێ) مۆرفیمی کاتی داهاتووە لە

پێکهاتەی کاری ڕانەبردوودا دەردەکەوێت، وەک (دە+سوت+ێ+م)، لێرەشدا بەرانبەر (ا)ی مۆرفیمی کاتی ڕابردوو دەردەکەوێت، لە کاتی بەراوردکردنی کارێکی ڕانەبردوو و ڕابردووی بەردەوامی بکەرنادیار ئەوە زیاتر ڕووندەبێتەوە:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕابردووی بەردەوام | دە | بین | ر | ا | م |
| ڕانەبردوو | دە | بین | ر | ێ | م |

لە بەرواردکردنی ڕۆنانی هەردوو کارەکە و واتاکانیان، بەتەواوی چەمک و ئەرکی ئەو دوو مۆرفیمە ڕووندەبێتەوە. ئەوەش ڕوونە، کە هیچیان بەشێکنین لە (ر)ی مۆرفیمی بکەرنادیار، بۆیە ناکرێت پێکەوە بە یەک پارچەی ڕێزمانی ناویان بهێنرێت، بەڵام لە بابەتی (بکەرنادیار)دا لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی بە پاشگری (را) و پاشگری (رێ) ناویان هێنراوە. دەکرێت بۆ ئەوە قۆناغە بە جووتە پاشگر ناوببرێن.

(ر+ا+و): ئەم دەستە مۆرفیمە پێکەوە (ئاوەڵناوی کراو) دروستدەکەن، بە گشتی ڕۆنانەکە بریتییە لە (کارێکی بکەرنادیار+مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو)، واتە (ر) مۆرفیمی بکەرنادیارە، (ا) مۆرفیمی کاتی ڕابردووە لەگەڵ کاری بکەرنادیاردا دەردەکەوێت، بەمەش کاری بکەرنادیار لە دەمی ڕابردوودا وەک کاری وەرگیراو لە چاوگی (ئەلفی)ی تێنەپەڕ (و)ی مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو وەردەگرێت. بەم پێیە لە بنەڕەتدا (راو) لە سێ مۆرفیم(پاشگر) پێکدێت، بەڵام لە بابەتی (ئاوەڵناوی داڕێژراو) لە پۆلی یانزدەیەمی ئامادەیی وەکو یەک پاشگر مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و بە (پاشگری –راو) ناوی هێنراوە[٣١].

(ان+د+ن): بە وردبوونەوە لە کاریگەریی واتایی و ڕێزمانیی مۆرفیمی (ان) لە پێکهاتەی چاوگی تێپەڕێنراودا، دەردەکەوێت، کە مۆرفیمەکە وەکو مۆرفیمێکی بەندی وشەداڕێژ کاردەکات. (اندن) لە بنەڕەتدا لە سێ مۆرفیم پێکدێت، (د) مۆرفیمی کاتی ڕابردووە، (ن) مۆرفیمی چاوگە، ئەو دوو مۆرفیمەش مۆرفیمی بەندی ڕێزمانین، چونکە نابنە بەشێک لە کارەکە و بە گەردانکردنی کارەکە نامێنن. سەبارەت بە (ان) ئەگەر چاوگەکە خۆی ئەلفی بێت، واتە تێپەڕێنراونەبێت، وەک چاوگی (سوتان، برژان، کولان)، (ان) لە دوو مۆرفیمی ڕێزمانیی کات و چاوگ پێکدێت، بەڵام لە پێکهاتەی (سوتاندن، برژاندن، کولاندن)دا وەکو مۆرفیمێکی بەندی وشەداڕێژ کاردەکات، نەک ڕێزمانی، چونکە واتایەکی نوێ دێنێتەئاراوە، جگە لەوە لە چاوگی زمانی کوردیدا تەنیا دوو مۆرفیمی ڕێزمانی هەمیشە ئامادەییان هەیە، کە مۆرفیمی کات و مۆرفیمی چاوگە، بەم پێیە بە لێکردنەوە (د،ن) لە چاوگێکی وەکو (کولاندن) ئەوەی دەمێنێتەوە (کوڵ+ان/ێن)ە. واتە (ان/ێن) دەبێت بە بەشێک لە قەدی چاوگ و دەتوانێت بچێتە پێکهاتەی وشەی وەک (قیرکوڵێن)ەوە. ناشتوانرێت (کوڵ+ان/ێن) بە ڕەگ دابنرێت، چونکە لەوە بچووکتر دەکرێتەوە و دەبێتە (کوڵ)، کە ڕەگە .

مۆرفیمی (ان) تەنیا ناچێتە سەر چاوگی ئەلفی، بەڵکو لە پێکهاتەی چاوگی تری وەک (مراندن، خەواندن، کەواندن ...)دا هەمان ئەرک بەجێدەگەیەنێت. بەم پێیە ڕۆنانی چاوگێکی وەکو (مراندن) دەبێتە (مر+ان+د+ن=ڕەگ+م.بەندی وشەداڕێژ+م.بەندی ڕێزمانی+م.بەندی ڕێزمانی). وەک دەردەکەوێت، کاتێک (کولان) لە چاوگی (کولاندن) وەردەگیرێت و لە پێکهاتەی وشەی وەک (قیرکوڵێن)دا فۆڕمەکەی دەبێتە (کوڵێن)، ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە یەکێک لە شێوەکانی مۆرفیمی (ان) فۆڕمی (ێن)ە. ئەمەش کاتێک ڕوودەدات، کە کارەکە بۆ ڕانەبردوو گەردان بکرێت بەهۆی گۆڕانی /ا/ بۆ /ێ/ ئەو فۆڕمە دەگۆڕێت، ئەم گۆڕانە هاوشێوەی ئەو گۆڕانەیە، کە فۆنیمی /ا/ لە پێکهاتەی ڕەگی چاوگی وەک

(ژماردن، سپاردن، ناردن ...) دەگۆڕێت بۆ /ێ/ و ڕەگەکانیان دەبێتە (ژمێر، سپێر، نێر...). هەروەها لەو کاتەشدا بەو فۆڕمە دەردەکەوێت، کە قەدی ئەو چاوگانە دەچنە پێکهاتەی وشەی ناسادەی ترەوە، وەک (سوت+ێن+ەر، ڕوو+شک+ێن). واتە دەچنە ناوەوەی پێکهاتەی وشەکە، کە (یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی مۆرفیمی وشەداڕێژ (فەتاح و قادر، ٢٠٠٦، ل٥٠). هەر ئەمەش وای کردووە ئەو پاشگرە بە وشەداڕێژ دابنرێت. جگە لەوە (مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی هەمیشە دەکەوێتە دوای مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ و وشە دادەخات) (فەتاح، ٢٠١٠، ل٢٤٧)، واتە ڕێ بە هاتنی مۆرفیمی وشەداڕێژ نادات، بۆیە ناکرێت لە وشەیەکی وەک (سوت+ێن+ەر)دا (ێن) بە مۆرفیمی ڕێزمانی دابنرێت، چونکە (ەر)ی بەدوادا هاتووە، کە مۆرفیمێکی وشەداڕێژە.

بەم پێیە (اندن) لە یەک پاشگر پێکنەهاتووە، بەڵکو لە سێ پاشگر پێکهاتووە، یەکیان وشەداڕێژ و ئەوانی تریان ڕێزمانین، بەڵام لە بابەتی کاری داڕێژراو لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی[٣٢]، هەروەها لە بابەتی (گۆڕینی کاری تێنەپەڕ بۆ تێپەڕ) لە پۆلی دەیەمی ئامادەیی[٣٣] وەکو یەک پاشگر ئاماژەی پێ کراوە.

## ئەنجامەکان

لە ڕێزمانی کوردیی پرۆگرامی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی لە هەرێمی کوردستان لە دیاریکردنی یاسای دەرهێنانی ڕەگی هەندێک جۆری چاوگدا پەیڕەوی یاسای دەرهێنانی مۆرفیمی ڕەگ وەکو زاراوەیەکی مۆرفۆلۆجی نەکراوە و هەموو یاساکان لەگەڵ پێناسەی ڕەگدا کۆکنین.

ئاشنانەکردنی قوتابی بە چەمکی ڕەگ بە شێوەیەکی گشتی و بەستانەوەی ڕەگ تەنیا بە بەشەئاخاوتنی کار و چاوگەوە هەندێک گرفتی بۆ پێناسەکردنی وشەی نسادە دروستکردووە، بەشێک لە گرفتەکانیش بەهۆی پێناسەکردنی جۆرەکانی وشەیە لە ڕووی ڕۆنانەوە لەسەر بنەمای خودی وشە. لە بەرانبەردا پێناسەکردنی ئەو جۆرە وشانە لەسەر بنەمای مۆرفیمی ڕەگ کۆمەڵێک گرفت چارەسەردەکات.

لە ڕێزمانی کوردیی ئەو قۆناغەدا ناساندنی (قەد)ی چاوگ و دیاریکردنی یاسای دەرهێنانی، لەگەڵ چەمکی قەددا یەکناگرێتەوە.

لەسەر بنەمای چەمکی (ئەلۆمۆرف) و پەیڕەوی مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کار لە زمانی کوردیدا، ناتوانرێت مۆرفیمی (ە) بە یەکێک لە شێوەکانی گەردانکردنی چاوگی (بوون) دابنرێت.

لە ڕێزمانی کوردیی پرۆگرامی ئاماژەپێکراودا زۆر جار زیاتر لە مۆرفیمێک وەکو یەک پاشگر و کەرەستەی ڕێزمانی ناسێنراوە، ئەمەش لەگەڵ تیۆری مۆرفیمدا ناگونجێت.

## ڕاسپاردە و پێشنیاز

لەسەر بنەمای ئەو کەموکورییانەی ئەم توێژینەوەیە لە ڕێزمانی کوردیی قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی خوێندنی کوردی لە هەرێمی کوردستان دیارییکردووە، پێویست دەکات وەزارەتی پەروەردە ڕاسپێردرێت بۆ پێداچوونەوە بە کۆی بابەتەکانی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردیی هەموو پۆلەکان. بۆ ئەمەش لیژنەیەک لە مامۆستایانی وەزارەتی پەروەردە و شارەزایانی بواری زمانەوانیی دەرەوەی وەزارەتی پەروەردە پێکبێت، کە ئاگاداری تیۆرە نوێیەکانی زمانەوانی بن.

ڕاسپاردنی شارەزایانی زمانی کوردی بۆ ئەوەی توێژینەوەی زیاتر لەم بوارەدا بکەن و بابەتی پەرتووکەکان بە تیۆرە نوێیەکانی زمانەوانی لە ئاستەکانی تردا بەراوردبکەن و کەموکورییەکان دیاربکەن.

دارشتنەوەی پێناسە و یاسا ڕێزمانییەکانی پەرتووکەکان لەسەر بنەمای تیۆرە نوێیەکانی زمانەوانی، بە جۆرێک لەگەڵ ئاستی قوتابیدا بگونجێت، بۆ نموونە یاساکانی ئاستی مۆرفۆلۆجی لە پەرتووکەکەدا پێویستە لەسەر بنەمای تیۆری مۆرفیم بە گشتی و، مۆرفیمی ڕەگبن بە تایبەتی.

## پەراوێزەکان

بۆ زیاتر لە بارەی یەکە واتاییەکانەوە بڕوانە: دزەیی، ٢٠١٠، ل٤٣-٤٨).

بڕوانە: (مەحویی، ٢٠٢١، ل٧).

بڕوانە: (دزەیی، ٢٠١٣، ل٤٣- ٥١).

بڕوانە: (فتاح، ٢٠١١، ل٨٩- ٩٦).

(The Oxford Dictionary of English Grammar (2 ed.))

بڕوانە: (KATAMBA, 2006, p43).

بڕوانە: (فەتاح و قادر، ٢٠٠٦، ل٢٩-٣٠).

وەک لە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا دەردەکەوێت.

بڕوانە: (ئەحمەد، ١٩٩٠، ل٣٥).

بڕوانە: (لیژنەیەک، ٢٠٢١، ل٣٣-٤٢).

وەک: بۆن خنک، ئێرە بۆن خنکی لێ دێت.

تەنیا ڕەگی چاوگی (گان، زان)، ڕەگەکانیان لە شێوەی (گێ، زێ)دا لە هەندێک وشەدا دەردەکەوێت. دەتوانین ئەم دوو چاوگە وەکو (ڕیزپەڕ) ئەژماربکەرین.

(گۆڕ) لێرەدا بە واتای ڕەگی (گۆڕان) بەکارهاتووە، نەک ڕەگی (گۆڕین)، چونکە (نەگۆڕ) ئەوەیە کە نەگۆڕاوە، نەک نەیگۆڕیوە، واتە کەرەستەکەی پاڵی دەبێتە (بەرکاری لۆجیکی)، ئەمەش هەمان ئەرکی ئەو کەرەستەیەیە، کە پێویستیی چاوگی ئەلفی تێنەپەڕ لە ڕستەدا پڕدەکاتەوە. بەڵام لە (بگۆڕ)دا (گۆڕ)

ڕەگی (گۆڕین)ە، چونکە (بگۆڕ) ئەو کەسەیە، کە (دەیگۆڕێت)، واتە کەرەستەکەی پاڵی دەبێتە (بکەری لۆجیکی و ڕێزمانی).

بڕوانە: (لیژنەیەک، ٢٠٢١، ل٣٨).

بڕوانە: (لیژنەیەک٢، ٢٠٢٢، ل٤٠).

بڕوانە: (لیژنەیەک، ٢٠١٨، ل١٥، ٢٨).

بڕوانە: (لیژنەیەک، ٢٠٢١، ل٣٠).

بڕوانە: (فەتاح، ٢٠١٠، ل٢٤٤).

یەکێک یان زیاتر لە مۆرفیمەکانی کاتی ڕابردوو(ت، د، ا، وو،ی)، یان کاتی ئێستا (ە)، یان کاتی داهاتوو(ێ) لە پێکهاتەی کاردا دەبێت. لە هەندێک ژینگەدا مۆرفیمی کاتی ئێستا و داهاتوو دەبن بە سفر. بڕوانە (ڕەسوڵ، ١٩٩٥، ل٩٦-١١٩).

هەندێک کات جێناو لە ئاستی سەرەوەدا دەبێتە (سفر). هەندێک جاریش بە کەرەستەی وەک بەرکارەوە دەلکێت.

دەکرێت لەو قۆناغەدا زاراوە (نیشانەی چاوگ) لەبری (مۆرفیمی کات)، (نوونی چاوگ) لەبری (مۆرفیمی چاوگ) بەکاربێت. بۆ هەردووکیشیان زاراوەی (پاشگری ڕێزمانی) بەکاربێت.

بڕوانە: (لیژنەیەک٢، ٢٠١٧، ل٦٤)، (لیژنەیەک، ٢٠٢١، ل١٢)، (لیژنەیەک، ٢٠١٨، ل٧٢).

لە بابەتی (لێکدانی مۆرفیمەکان) لەم توێژینەوەیەدا ئەم بابەتە ڕوونکراوەتەوە.

بڕوانە: (لیژنەیەک٢، ٢٠١٧، ل٦٤)، (لیژنەیەک، ٢٠٢١، ل١٢)، (لیژنەیەک، ٢٠١٨، ل٧٢)، (لیژنەیەک١، ٢٠٢٢، ل٤٨).

بڕوانە (لیژنەیەک١، ٢٠٢٢، ل٥٠).

بڕوانە : ڕەسوڵ، ١٩٩٥، ل١١٣- ١١٦)، (موسا، ٢٠١٠، ل٦٠- ٧٠).

پێشتر ئەم بابەتە ڕوونکراوەتەوە و (ێ) لە زمانی کوردیدا بە مۆرفیمی کاتی داهاتوو دانراوە، بڕوانە: (ڕەسوڵ، ١٩٩٥، ل١١٦- ١١٩). هەروەها ئەوە ڕەتکراوەتەوە، کە (ێ، ێت) جێناوبن، بڕوانە: (هەمان سەرچاوە، ل١٨٩- ١٩٨). ئێمە لەم توێژینەوەیەدا لایەنگری ئەو بۆچوونانەین.

بەپێی جیاوازیی فۆنیمی پێشی بە یەکێک لەو شێوانە دەردەکەوێت.

بڕوانە: (لیژنەیەک، ٢٠٢١، ل٤٩).

بڕوانە: (لیژنەیەک، ٢٠١٨، ل٩).

بڕوانە: لیژنەیەک٢، ٢٠٢٢، ل٤٥).

بڕوانە: (لیژنەیەک، ٢٠٢١، ل٢٣).

بڕوانە: (لیژنەیەک١، ٢٠٢٢، ل٥٨).

## سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی:


- ئەحمەد، کەوسەر عەزیز(١٩٩٠). *بیرۆدۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی*، نامەی ماستەر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- ئەمین، وریا عومەر(٢٠٠٤). *ئاسۆیەکی تری زمانەوانی*، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

- ـــــــــــــ(٢٠١١). *پیتۆکەکانی زمانەوانی*، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

- دزەیی، عەبدولواحید موشیر(٢٠١٠). *واتاسازی وشە و ڕستە*، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- ـــــــــــــ(٢٠١١). *لێکسیکۆلۆجی*، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

- ـــــــــــــ(٢٠١٣)، *وشەسازی زمانی کوردی*، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

- ڕەحیمی، کامران(١٣٨٨). *بنەماکانی وشەسازی و وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا*، چاپی یەکەم، نشر گوتار، کردستان- سەقز.

- ڕەسوڵ، عەبدوڵڵا حوسێن(١٩٩٥). *مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کار*، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی پەروەردە- ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا.

- ــــــــــــــ(٢٠٠٦). *پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی*، چاپی دووەم، کتێبفرۆشی سۆران، هەولێر.

- شێخ تەیب، شەهاب(٢٠١٤). *دەربارەی زمانەوانی*، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.

- عەول، محمەد عومەر(٢٠٠١). *دابەشبوونی کرداری لێکدراو لە ڕووی دارشتن و ئەرکەوە- کرمانجیی خواروو*، نامەی ماجستێر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان.

- فتاح، محمد معروف(٢٠١١). *زمانەوانی*، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- فەتاح، محەمەد مەعروف(٢٠١٠). *لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان*، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی، چاپخانەی (ڕۆژهەلات)، هەولێر.

- فەتاح، محەمەد مەعروف و قادر، سەباح ڕەشید(٢٠٠٦). *چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی*، چاپخانەی ڕوون.

- محمد، حاتەم ولیا (٢٠١٩). *مۆرفۆلۆجیی*، چاپی یەکەم.

- مەحویی، محەمەدی(٢٠٢١). *مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان- مۆرفۆلۆژیی کوردیی*، بەرگی یەکهەم و دووهەم، چاپی یەکهەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

- موسا، عەبدولوەهاب خالید(٢٠١٠)، *ڕێزمانی بوون و هەبوون لە کوردیدا*، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

## سەرچاوەی کۆمەڵگای توێژینەوە:


- لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە١(٢٠١٧). *زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی*، چاپی دەیەم.

- لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە٢(٢٠١٧). *زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی*، چاپی چوارەم، چاپخانەی (المستقبل)، لوبنان.

- لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە(٢٠٢١). *زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی*، چاپی چواردەیەم.

- لیژنەیەک لە وەرزارەتی پەروەردە١(٢٠٢٢). *زمان و ئەدەبی کوردی*، قۆناغی ئامادەیی، پۆلی دەیەم، چاپی پازدەیەم.

- لیژنەیەک لە وەرزارەتی پەروەردە٢(٢٠٢٢). *زمان و ئەدەبی کوردی*، قۆناغی ئامادەیی، پۆلی یازدەیەم، چاپی پازدەیەم.

- لیژنەیەک لە وەرزارەتی پەروەردە(٢٠١٨). *زمان و ئەدەبی کوردی*، بۆ پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی، چاپی سێزدەیەم.


### بە زمانی عەرەبی:


- اسلام، عزمی(١٩٨٥). *مفهوم المعنی- دراسة تحلیلیة*، حولیات كلیة الاداب، الحولیة السادسة، جامعة الكويت.


### بە زمانی ئینگلیزی:


- BROWN, KEITH & MILLER JIM(2013). *The Cambridge Dictionary Of Linguistics*, Cambridge university press.

- Crystal, David (2008). *A Dictionary of Linguistics and Phonetics*, 6th Edition, Blackwell Publishing.

- Haspelmath, Martin (2002*). Understanding Morphology, First published in Great Britain by Arnold*, a member of the Hodder Headline Group.

- KATAMBA, FRANCIC(2006). *MORPHOLOGY*, second edition published, by plagrave macmillan, china.

- McCarthy- Andrew Carstairs(2002), *An Introduction to English Morphology -Words and Their Structure*, Edinburgh University Press Ltd.

- Yule, George(2006). *The study of Language, Third Edition*, CAMBIDGE UNIVERSITY PRESS.

**تۆڕی ئەنتەرنێت:**

- Baker, Mark C. & Bobaljik, Jonathan David & Rutgers & McGill (2002*), INTRODUCTION TO MORPHOLOGY*. Last Accessed 10 Dec 2022, at:

– https://eclass.uoa.gr/modules/document/file.php/GS468/Baker%20&%20Bobaljik%202002%20Introduction%20to%20Morphology/Chapter3%20Compounding.pdf

- HASA(2017). *Difference Between Base Word and Root Word*, Last Accessed 6 Dec 2022 at: https://www.differencebetween.com/difference-between-base-word-and-vs-root-word/

- JTA Technology Consulting(2010). *English Structures – Morphology*, Last Accessed 30 Dec 2022 at:

– http://web.mnstate.edu/houtsli/tesl551/Morphology/page6.htm

– Nordquist, Richard (2019). *Root Compound*, Last Accessed 25 Dec 2022 at:https://www.thoughtco.com/root-compound-words-1691921



**ملخص البحث**

هذا البحث الموسوم ب (نواقص قواعد اللغة الكوردية في منهج الدراسي في إقليم كوردستان) يقوم على أساس نظرية المورفيم الصرفي. هذا البحث هو مجهود أكاديمي يهدف الى التعرف على أخطاء ونواقص قواعد اللغة الكوردية في منهج الدراسة الكردية في إقليم كوردستان وإيجاد حلول لها. البحث يندرج ضمن حدود علم الصرف.

وتكمن أهمية هذا البحث في اقتراح الحلول بعد تحديد النواقص، ولهذا تم الاعتماد على نظرية لغوية تتفق مبادئها مع قواعد اللغة الكوردية.

توصل البحث إلى أن كتاب (اللغة الكردية وآدابها) في المنهج الذي يدرس في مرحلتي الأساس والاعدادية، يتعارض مع نظرية (المورفيم) في تقديم وشرح عدد من المواضيع. كما أنه غير متوافق مع أساسيات وقواعد علم الصرف(المورفولوجيا).

يتكون هذا البحث من جزأين. في الجزء الأول تم تعرض النظرية المطلوبة حول (المورفيم وأنواعه، الجذر، القاعدة، الجذع، أنواع الكلمات من الجانب البنائي)، وفي الجزء الثاني، تم تحديد أوجه القصور في بعض مواضيع صرفية، بناءً على الكتاب المنهجي (اللغة الكردية وآدابها) في البرامج التعليمية المختلفة بناءً على النظريات الأساسية المقدمة في الجزء الأول.



**الكلمات الدالة:** اللواصق، اللواصق الصرفية، اللواصق الاشتقاقية، الجذر، الجذع.

**Abstract**

This research titled (The drawbacks of Kurdish grammar in Kurdistan Region's Education program) is based on the theory of morpheme. It aims to identify a number of mistakes and shortcomings of Kurdish language grammar in the Kurdish curriculum in Kurdistan Region and intends to find solutions in regards. This is a morphological work.

The significance of the research lies in proposing alternative solutions after identifying the shortcomings which is supported by a linguistic theory whose principles are compatible with Kurdish language grammar.

The research concludes that the book ( Kurdish language and literature) taught in basic and high schools, is incompatible with the morpheme theory in a number of topics. It is also incompatible with bases and rules of morphology.

The research consists of two parts. In the first part the applied theory pertinent to (morpheme and its types, roots, bases, Stems, types of words from structure Side) is presented. In the second part the shortcomings of some morphological topics are identified based on the book of ( Kurdish language and literature) in different educational classes which reflects the theoretical principles presented in the first part.

**Key words**: Affixes, Inflectional Morphemes, Derivational Morphemes, Roots, Stems.